**سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە.**



**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەرێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و**

**بڵاوکردنەوە**



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

# سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

ناوی کتێب: سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

ناوی نووسەر: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

بابەت: لێکۆڵینەوە

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ڕێبین مەجید

تایپ: نووسەر

هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا

ساڵی چاپکردن 2009

تیراژ :500

ژمارەی سپاردن لە کوردستان

بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی- گردی ئەندازیاران

ژمارەی تەلەفۆن: 3180994

**ناوەرۆك**



**پێشەکی**..................................................2

**بەشی یەکەم: دەروازەیەك**

باسی یەکەم: سۆسیۆلۆژیای مەعریفە
چییە و باس لە چی دەکات؟................................ 3

باسی دووەم: جیاوازیی نێوان مەعریفە وەك (زانین) و مەعریفە وەك
تیۆری زانستی (ئیپستیم و ئیپستیمۆلۆژیا)............. 5

باسی سێیەم: مێژووی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە........... 7

باسی چوارەم: بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە....... 10

**بەشی دووەم: سەرچاوە و جۆرەکانی مەعریفە**

باسی یەکەم: سەرچاوەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی........ 14

باسی دووەم: جۆر و شێوەکانی مەعریفە........................17

**بەشی سێیەم: سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە**

باسی یەکەم: ئیبن خەلدون و سۆسیۆلۆژیای مەعریفە.......23

باسی دووەم: میشال دی مۆنتێن- نەریت و کۆمەڵگە.......27



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

**بەشی چوارەم: گرنگترین کۆمەڵناسانی بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە**
کارل مارکس ........................................................30
لوسیان لیڤی برۆهێل...........................................31
ئیمێل دۆرکهایم.....................................................31
کارل مانهایم...........................................................32
کارل مانهایم و ڕێژەگەرایی مەعریفە..........................35
پیتەر بێرگەر..........................................................36
جۆرج گۆرڤیچ.......................................................37

**بەشی پێنجەم: کۆمەڵگە و چەشنەکانی**
باسی یەکەم: چەشنەکانی کۆمەڵگە..........................39
باسی دووەم: کارل پۆپەر و کۆمەڵگەی کراوە...................44
بەشی شەشەم: سۆسیۆلۆژیای ئەدەب......................... 51

**سەرچاوەکان**...........................................................52



## پێشەکی:

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەشێکی گرنگە لە سۆسیۆلۆژیای گشتی، ئەم زانستە لە زانکۆکانی دنیادا وەك بەشێکی سەرەکی و گرنگی سۆسیۆلۆژیا بایەخی پێدەدرێت و لە لێکچەری گشتیدا دەخوێندرێت، ئەم زانستە نوێیە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەدا سروشتی کۆمەڵایەتییانەی مەعریفە (یان زانین) باس بکات، بۆیە دەتوانین سەرجەمی پێناسەو چەمکە جۆراوجۆرەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەم چەند وشەیەی خوارەوەدا کورت بکەینەوەو بڵێین:

بابەتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان مەعریفەو بنەما کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بەو پێیەی فۆرمە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی مەعریفە بەندە بە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییە هەمەڕەنگ و جیاوازەکان، ئەرکی سەرەکیی ئەم زانستە بریتییە لە دۆزینەوەی پابەندبوونی مەعریفە بە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە پلەی یەکەم بایەخ بە مەعریفە (زانین)ی خەڵکی دەدات لە چوارچێوەی واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا، نەك ژیانی تیۆرییان، هەروەها بایەخ بە پەیوەندیی نێوان بیری ئینسانی و کۆنتێکستی(سیاقی) کۆمەڵایەتی دەدات، واتە دەبێت لێرەدا مەعریفە بریتی بێت لە زانینی باو، نەك لە بیرەکان. واتە بایەخ بە بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع بدات و شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو زانین و مەعریفەیە بکات. بۆیە دەشێت بوترێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

تیشکۆیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ پەیوەندیی نێوان فیکرو واقیع (یان مەعریفە و کۆمەڵگە).

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بۆ خوێندکاران و قوتابییانی بەشی کۆمەڵناسی ئامادە کراوە، بۆیە هەوڵمداوە بابەتە گشتییەکانی ئەم زانستە نوێیە، لە چەند بەشێکدا بخەمەڕوو و بە زمان و ستایل و داڕشتنێکی تا ئەندازەیەك ئاسان روونیان بکەمەوە.

پاش خوێندنەوەی گرنگترین سەرچاوەکانی ئەم بوارە، بابەتە گشتییەکانی ئەم زانستەم لە پێنج بەشدا خستۆتەڕوو، لە بەشی یەکەمدا، کە لە چوار باس پێکهاتووە، هەوڵمداوە مانا و پێناسی گشتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە روون بکەمەوە، جیاوازیی نێوان مەعریفە و ئیپستیمۆلۆژیام دەرخستووە، لە تەك خستنەڕووی مێژوو و بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، هەروەها ئەوەی کە بۆچی وشەی مەعریفە بەکاردەهێنین لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا وشەی (زانین) پڕ بەپێستی وشەی مەعریفەیە، هەروەك مامۆستای بەڕێزمان د.حەمید عەزیز لە کتێبی (**بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی**) وشەی (زانین)ی لەبری وشەی (مەعریفە) بەکارهێناوە.

لە بەشی دووەمدا سەرچاوەو جۆرەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەم لە تێڕوانینی هەندێك سۆسیۆلۆژیستی ناوداردا پیشان داوەو لێرەدا پشتمان بە بیروباوەڕی پێنج بیرمەندو فەیلەسوفی گرنگ بەستووە.

لە بەشی سێیەمدا دەروازەیەکی مێژووییمان بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی پەیوەندی فیکر بە کۆمەڵگاوە کردۆتەوەو گەڕاوینەتەوە بۆ مێژوویەکی



دوورتر کە لە ئیبن خەلدوونەوە دەست پێدەکات، بەو پێیەی لە سەدەکانی پێشوودا، ئیبن خەلدوون یەکەم بیرمەندە بە شێوەیەکی راستەوخۆ باس لە پەیوەندیی نێوان مەعریفەو کۆمەڵگە دەکات و دیدێکی پێشکەوتوو و دیالێکتیکانە دەردەبڕێت.

لە بەشی چوارەمدا بیروڕای هەندێك لە گرنگترین زانایانی بواری کۆمەڵناسیمان لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە خستۆتەڕوو، کە هەریەکەیان، بە جۆرێك، رۆڵیان لە پێشخستنی ئەم زانستەدا هەبووەو هەریەکێکیشیان تێڕوانینێکی تا رادەیەك جیاوازی لەویدی هەبووە.

لە بەشی پێنجەمدا بە کورتی لەبارەی گرنگترین چەشنی کۆمەڵگە دواوین، دواجار دەگەینە چەشنێکی گرنگ لە کۆمەڵگە کە بریتییە لە کۆمەڵگەی کراوە، بەو شێوەیەی کارل پۆپەر لە کتێبە ناودارەکەیدا (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی) باسی دەکات، کە ئەم چەشنە کۆمەڵگایە زەمینە بۆ هاتنە ئارای کۆمەڵگەی خۆشگوزەران خۆشدەکات.

دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەم کتێبە بە شێوەیەکی ئەکادیمی دانەنراوە بە مانای تەقلیدیی وشەی دانان (تألیف)ی کتێبی ئەکادیمی، بەڵکو ژمارەیەك سەرچاوەم پەیدا کردووە (لە کۆتایی کتێبەکەدا هەن) و لە ئەنجامی خوێندنەوەیاندا، ئەو بابەتانەم وەك چەند لێکچەرێك بۆ خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئامادە کردووە، کە لەوێدا ئەو وانەیە دەڵێمەوە. ناوەڕۆکی گشتیی ئەو سەرچاوانەم، لە تەك بیربۆچوونی خۆمدا، داڕشتۆتەوە.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

بێگومان ئەم کارە بێ کەموکورتی نییە، دەشێت لە چەندین بۆچوون و لە هەندێك بەشدا گفتوگۆ و بگرە ناکۆکیش بورووژێنێت.

ئەم لێکچەرانە لە بنەڕەتدا بریتین لە لێکچەرەکانی ساڵی خوێندنی 2007-2008 کە پاشان لە ساڵی خوێندنی 2008-2009 کەمێك پەرەم پێداون، بە نیازبووم بەشەکانی ئەم کتێبە فراوانتر بکەمەوەو بەشێك تەرخان بکەم بۆ بابەتێکی زۆر گرنگی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە کە بریتییە لە (سۆسیۆلۆژیای ئایین)، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم بە خوێندنی دکتۆرا، نەمتوانی ئەم خواستە بهێنمە دی، کە هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکی دیکەو لەچاپێکی تردا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەم، چونکە لە راستیدا سۆسیۆلۆژیای ئایین بەشێکی گرنگی سۆسیۆلۆژیای گشتیشە کە پێویستە لە زانکۆکانی ئێمەدا وانەو لێکچەری تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، نەك تەنها لە لێکچەرەکانی تردا، راگوزەری باس بکرێت.

لەم کتێبەدا، ناوەڕۆکی بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، تا رادەیەکی زۆر، نیشاندان و رەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی مەعریفەو کۆمەڵگایە، لە پێش بەرجەستەبوون و کاریگەریی راستەوخۆی گلۆبالیزەیشن (جیهانگیری)، چونکە لەم بیست ساڵەی دواییدا گلۆبالیزەیشن روخسارو ناوەڕۆکی ژمارەیەکی زۆری لە بیروباوەڕ و ئایدیاکان گۆڕیوە، بگرە تێزی دیکەی لە پەیوەندیی نێوان مەعریفەو کۆمەڵگە خولقاندووە، یەکێك لەو تێزانە پێیوایە گلۆبالیزەیشن توانیویەتی لە سەرێك مەعریفەی کۆمەڵایەتی فراوان بکاتەوە، بەچەشنێك هەمیشە لە گۆڕانکاری و پێشکەوتندا بێت، لە سەرێکی



دیکەوە پەیوەندیی مەعریفەی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پتەوتر کردووە. گلۆباڵیزەیشن دەتوانێت مەعریفەو زانیاریی زیاتر بە مرۆڤ ببەخشێت، بەڵام ناتوانێت فیکری پێ ببەخشێت.

لە کۆتاییدا سوپاسی خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی دەکەم کە لە لێکچەرەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا بە وردی گوێیان دەگرت و گفتوگۆیان دەکرد، بە تایبەتی هەندێك لەو خوێندکارانەی کە پرسیاری جدی و بابەتی گرنگیان دەورووژاند لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان، هانیان دەدام پتر بە دوای بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا بچم، بەشێکی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ جدییەتی هەندێك لە خوێندکارەکانم.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
مامۆستای سۆسیۆلۆژیای مەعریفە
لە زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

# بەشی یەکەم:



## دەروازەیەك

## باسی یەکەم:
## سۆسیۆلۆژیای مەعریفە چییە و باس لە چی دەکات؟

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لقێکە لە لقەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، باس لە پەیوەندی نێوان مەعریفەو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات. مەعریفەش بریتییە لە کۆی ئەو بیروباوەڕو زانیاری و بەهاو مانایانەی لە کۆمەڵگەدا دروستدەبن، مەعریفە کەلەپوورو کولتور دەگرێتەوە.

ئەم زانستە جەخت لە پەیوەندییە وەزیفییەکانی شێوە جیاجیاکانی مەعریفە دەکات لە پەیوەستیدا بە کۆمەڵگەوە. هەروەها لەو تایبەتمەندی و جیاوازییانە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان مەعریفەو کۆمەڵگە لە ژینگە جیاجیاکاندا هەیە. بەو مانایەی هەر کۆمەڵگەیەك مەعریفەیەکی تایبەت بە خۆی بەرهەمدەهێنێت کە زۆر جار جیاواز دەبێت لە مەعریفەی کۆمەڵگایەکی تر، بە پێی ئەوەی کۆمەڵگە بەشەرییەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو مەعریفەیش سیمای ئەو کۆمەڵگایانە وەردەگرێت.

بەڵام ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی رەها نییەو سەد دەرسەد لە سەرجەمی کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا بەو شێوەیە شکڵ ناگرێت، چونکە دەشێت هەندێکجار جیاوازییەك بکەوێتە نێوان جۆری مەعریفەو سیمای تایبەتیی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

کۆمەڵگە، لێرەوە زۆرجار ململانێ لە نێوان پێکهاتەی کۆمەڵگەو مەعریفەدا سەرهەڵدەدات.

جاری وا هەیە لە هەندێك قۆناغی مێژوویی و ئابووریدا چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان کار لە سیماکانی مەعریفە دەکەن و بگرە ڕێنوێنیشی دەکەن، کەچی جاری وایش هەیە بە پێچەوانەوە شێوە جیاجیاکانی مەعریفە کار لە کۆمەڵگە دەکەن و بونیادەکانی دەگۆڕن. لە حاڵەتی یەکەمیاندا بونیادەکانی کۆمەڵگە چەند بونیادێکی پێشکەوتوو و بەهێزن لە چاو بونیادەکانی مەعریفەدا، بۆیە لەو کاتەدا کۆمەڵگە دەتوانێت مەعریفەیەکی پێشکەوتوو بەرهەمبهێنێت. بەڵام لە حاڵەتی دووەمیاندا کۆمەڵگەیەکی سست و دواکەوتووت هەیە لە بەرامبەر مەعریفەیەکی پێشکەوتوودا. لەم حاڵەتەشدا مەعریفە دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لە سەر بونیادەکانی کۆمەڵگە جێبهێڵێت و بەرەوپێشەوەی ببات، لێرەوە دەبینین ئیقاعی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان جیاوازە، لە هەندێك کۆمەڵگەدا ریتمێکی خێرا بۆ بەرەوپێشچوون هەیەو لە هەندێکی تردا ریتمێکی خاو و لەسەرخۆ هەیە.

واتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە بریتییە لە کایەیەك یاخود بوارێك بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەو لە هەمان کاتیشدا کایەیەکە مەعریفە ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانەوەیدا هەیە. کەواتە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان فیکرو واقیع بەرجەستە بکات، بەو پێیەی (فیکرو واقیع)و هەروەها (مەعریفەو کۆمەڵگە) دابڕاو نین لە یەکترو بە جیاواز لە یەکتر پرۆسەی کارەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو لە پەیوەندییەکی



هاوجومگەیی و هاوبەندیی پتەودا ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەرەوپێش دەبەن.

کەواتە یەکێك لە ئەرکەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بریتییە لە هێنانی یان گەڕاندنەوەی سیستەمەکانی مەعریفە بۆ ناو واقیعی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەبینین ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندانی بواری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدەن فیکرو مەعریفە لە قاڵبە وشك و ئەبستراکتییەکەی دەربهێنن و بە شێوازێکی ئاسان و بە زمانێکی روون بیهێننە ناو سەرجەمی کایەو جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگەوە.

لەوانەیە بتوانین هەلومەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە چەند خاڵێکدا دەسنیشان بکەین، کە دەشێت گرنگترینیان بریتی بێت لەو دۆزینەوە گرنگ و گەورەیەی ئەنیشتاین کە لە تیۆری ڕێژەگەراییدا دایهێناوە، بەوپێیەی هیچ شتێك لە ژیاندا رەها نییە، بەڵکو هەموو شتێك ڕێژەییە.

خاڵێکی تر بریتییە لە گومانکردن لە میراتی بیروباوەڕەکان و توانا و جورئەتی رەخنەگرتن لە کەلەپوور، پاشان ئەو گۆڕانکارییە گەورەو بنەڕەتییانەی بەسەر بەهاو سیستمە باوەکاندا هاتوون.

دەکرێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەسەر چەندین لقە زانستی تردا دابەش بکرێت، بۆ نموونە: سۆسیۆلۆجیای زانست، سۆسیۆلۆجیای یاسا، سۆسیۆلۆجیای شەریعەت، سۆسیۆلۆجیای ئایین، سۆسیۆلۆجیای هونەر، سۆسیۆلۆجیای ئەدەب، سۆسیۆلۆجیای فەلسەفە، سۆسیۆلۆجیای دابونەریت، سۆسیۆلۆجیای فیکری سیاسی، سۆسیۆلۆجیای پەروەردە،



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

سۆسیۆلۆژیای شار، سۆسیۆلۆژیای لادێ، سۆسیۆلۆجیای مۆسیقاو سەما، سۆسیۆلۆجیای پۆشاك، سۆسیۆلۆجیای تەلارسازی، سۆسیۆلۆجیای ئاهەنگێڕان و بۆنەکان، سۆسیۆلۆجیای حیکایەتی میللی، سۆسیۆلۆجیای پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، سۆسیۆلۆجیای نوژداری، سۆسیۆلۆجیای هاوسەرگیری، سۆسیۆلۆجیای وەرزش... هتد.

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەپێی زانای کۆمەڵناسی جۆرج گۆرڤیچ (1894-1965) ، لەم بابەتانەش دەکۆڵێتەوە:

1- پەیوەندیی نێوان جۆرەکانی مەعریفە و چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکان.

2- رۆڵی مەعریفە و نوێنەرانی مەعریفە لە کۆمەڵگا جیاجیاکاندا.

3- رێگە و شێوازە جیاوازەکانی گوزارشتکردن و گەیاندنی مەعریفی، ئەو مەعریفانەی پەیوەستێکی وەزیفییان بە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان (واتە مرۆڤ)ەوە هەیە.

4- رێکخستنی نێوان مەیل و مەعریفە جیاوازەکان لەلایەك و مەعریفە هاوشێوەکان لەلایەکیتر، لە پەیوەستیاندا بە کۆمەڵگاکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان و بە گروپەکانەوە.

5- ئەو حاڵەتانەی تایبەتن بە جیاوازی و ناهاوسەنگیی نێوان مەعریفە و کلێشە کۆمەڵایەتییەکان.

## باسی دووەم:



## جیاوازیی نێوان مەعریفە وەك (زانین) و مەعریفە وەك تیۆری زانستی (ئیپستیم و ئیپستیمۆلۆژیا)

وەك دەزانین وشەی مەعریفە، لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە، چاوگی ئەم وشانەیە: (عرف) و (یعرف) و (عارف) کە بەمانای (أدرك)ەیش دێت. لە زمانی کوردیدا دەشێت هەڵگری دوو مانا بێت، مانای یەکەم (زانین) knowledge دەگەیەنێت، مانای دووەمیش زانیاری یان زانست- ئیپستیم episteme دەگەیەنێت، هەروەها تیۆری مەعریفە- ئیپستیمۆلۆژیا Epistemology کە لە دیدێکی فەلسەفییەوە لە تیۆرەکانی زانست دەکۆڵێتەوە، ئێمە لە سەرجەمی باسەکانماندا لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا، مەبەستمان لە مانای یەکەمە (واتە: زانین)، کە دەڵێین سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، واتە کۆمەڵناسیی زانین sociology of knowledge ، نەك ئیپستیم یان ئیپستیمۆلۆژیا، کە ئەمەی دواییان پتر دەچێتە نێو بابەتی فەلسەفی و زانستەکانەوە.

بەڵام مەعریفە وەك (زانین) و مەعریفە وەك (زانست)، بە رەهایی لێکدی دابڕاو نین، هەمیشە پەیوەندییەکی نزیك یان دوور، لە نێوان ئەو دوو مانایەدا دەمێنێت، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو پەیوەندییە لە هەندێك لایەنیدا روون بکەینەوە، بەڵام دووپاتیدەکەمەوە کە ئێمە لە سەرانسەری ئەم کتێبە و لە تێزەکانی کۆمەڵناسانی بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا،



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

مەبەستمان لە زانینی کۆمەڵایەتییە، کە لە بەشی یەکەمدا پێناس و ڕوونکردنەوەمان بۆ خستەڕوو، لە بەشەکانی دواتریشدا بە ڕوونی و وردەکاریی زیاترەوە لەم چەمك و زاراوەیە دەدوێین. بەڵام باجارێ بزانین ئیپستیم و ئیپستیمۆلۆژیا چین.

## ئیپستیم Episteme

مانای فەرهەنگیی ئەم وشەیە جیاوازە لە مانای زاراوەیی. مانای ئاسایی وشەی ئیپستیم لە زمانی گریکدا واتە: زانست، بەڵام مانای زاراوەیی وەك ئەوەی میشێل فۆکۆ لە کتێبی "وشەکان و شتەکان"دا گەڵاڵەی کردووە، ئەوا شتێکی تری تەواو جیاواز دەگەیەنێت. ئەم زاراوەیە بە عەرەبی واتە (المنظومة الفكرية) یان (نظام الفكر)، لە کوردیدا سیستمی فیکر، یان فەزای عەقڵیی.

## ئیپستیمۆلۆژیا Epistemology

جۆرێکی تایبەت لە مەعریفە لە خۆدەگرێت کە بریتییە لە مەعریفەی زانستیی، بۆیە مانای ئەم زاراوەیە بریتییە لە زانستی مەعریفە یان فەلسەفەی مەعریفە، ئەمەش جیاوازە لە تیۆری مەعریفە کە کۆنترەو لەگەڵ پرۆژەی کانت-دا سەریهەڵداوە بۆ ڕەخنەگرتن لە عەقڵ.



## ئیپستیمۆلۆژیا چییە؟

ئەو زانستەیە کە لە سەرچاوەو کێشەو مەرجەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مەعریفە دەکۆڵێتەوە، تیۆرەکانی ئیپستیمۆلۆژیا دەربارەی مەسەلەکانی هەستکردن، وشیاریی، یادهاتنەوە، ڕاستی و گومان، دەدوێن.

ئیپستیمۆلۆژیا بریتییە لەو زانستەی پێماندەڵێت زانیاری لە کوێوە دێت، سەرچاوەکانی کامانەن، مەرجەکانی بەرهەمهێنان چین و بە چ شێوەیەك بەکاردەهێنرێن، هەروەها گرنگییەکی گەورە بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەدات کە بریتین لە هەستەکانی مرۆڤ و ئەقڵ و یادەوەریی و خەیاڵ و میکانیزمەکانی یادهاتنەوەو بیرچوونەوە.

ئیپستیمۆلۆژیا بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، ئەمە کاری سۆسیۆلۆژیاو بەشەکانی تری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە.

لێرەدا مەبەست لە ئیپستیمۆلۆژیا زانستی تیۆری مەعریفەیە، یان فەلسەفەی مەعریفەیە، نەك مەعریفە لە خۆیدا، بەڵکو ئەو مەرجە سەرەتاییانەی وا لە مەعریفە دەکەن شیاوی هەبوون بن. کەواتە ئیپستیمۆلۆژیا = تیۆری مەعریفە، ئیپستیم = ژێرخانی مەعریفە.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

مەعریفە و ئیپستیمۆلۆژیا چەند خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، بەڵام هەریەکەیان بە ڕێگەیەکی جیاواز لەو خاڵانە دەکۆڵێتەوە، ئەو خاڵە هاوبەشانەیە کە ئەم دوو چەمکە بە یەکتر دەگەیەنێت، ئەمەش وادەکات کە لە هەردوو لادا بەشدارییەکی نێگەتیڤی و پۆزەتیڤی ڕووبدات، واتە بە ئاستی جیاجیا هاوکاریی نێوان ئەم دوو زانستە بێتەدی.



## مێژووی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

مێژووی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێك بەر لە داهێنانی ناوەکەی. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا فەیلەسوفی ئینگلیزی فرانسیس بیکۆن (1561-1626) لە کتێبی (ئامرازی نوێ)دا هەوڵیداوە بە دوای بنەمای هەڵە و چەمکە هەڵەکارییەکاندا بگەڕێت و پەیوەستیان بکات بە ئاستی زانینی خەڵکی کۆمەڵگەکەیەوە، ئەوەی کە بیکۆن بە هۆز و ئەشکەوت و بازاڕ و شانۆ ناوی دەبرد و لەوێوە لە ئاستی هوشیاریی دەکۆڵییەوە.

دەتوانین بڵێین ئەم تێڕوانینەی بیکۆن جۆرە تێڕوانینێکی نوێ بوو بۆ وێناکردنی باوەڕی دۆگمایی (عەقائیدی)، ئەو باوەڕە دۆگماییە ڕێگرێکی گەورەبوو لە بەردەم مەعریفەیەکی راستەقینەدا کە پەیوەست دەبێت بە سەرانسەری کۆمەڵگاوە. ئەم تێڕوانینەی فرانسیس بیکۆن دەشێت سەرەتای پەیوەندیی مەعریفە بێت بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە، کە دواتر کۆمەڵناسی فەرەنسی جۆرج گۆرڤیچ (1894-1965) بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی پێداوە و کتێبێکی بە هەمان ناونیشان، واتە "چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی مەعریفە" چاپکردووە.

قۆناغێکی تری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی فەیلەسوفی فەرەنسی کۆندۆرسی (1743-1794) بە ناونیشانی " پرۆژەیەکی مێژوویی سەبارەت بە جۆرەکانی پێشکەوتنی فیکری بەشەری"



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

که له ساڵی 1795دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو پێیوایە ئەوەی کە ڕەوایی بە مەعریفە دەبەخشێت، بریتییە لە گونجاندنی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

جۆرج گۆرڤیچ دەڵێت: پێویستە مێژووی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە شێوەیەکی تایبەتی ئاوڕ لە کۆندۆرسی بداتەوە کە لە چەرخی ڕۆشنگەریداو بە دیاریکراوی لە 1795دا، نووسینەکانی کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگە و مەعریفەدا هەبووە، ئەو پێیوایە گونجانێکی گشتی هەیە لە نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و سیستمی مەعریفیدا، چونکە پێشکەوتنی فیکری بەشەری و پێشکەوتنی مەعریفی دەبێتە مایەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی، کە دواجار ئەم پێشکەوتنانە کار لە پێشخستنی کۆمەڵگە و خێراترکردنی پیپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکەن. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی بەشەری بریتین لە یەك جوڵانەوەی گەورە کە مەعریفە و کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت.

بە کورتی کۆندۆرسی باوەڕی وابوو کە زانین (مەعریفە) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەقڵ و کۆمەڵگە لە چوارچێوەیەکدا بەنێویەکدا دەچن. ئەم بیرو باوەڕەی کۆندۆرسی لەو سەردەمەدا، بۆ بابەتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بیروباوەڕێکی گرنگ بووە، بەو پێیەی کە ئەم بیرمەندە ئاگایی بەرامبەر بە کارلێکی نێوان مەعریفە و کۆمەڵگە هەبووە، ئەگەرچی کۆندۆرسی پتر بە لای پێشکەوتنی مەعریفیدا دەچێت و زیاتر لایەنگری ئەوە بوو کە هەمیشە لە پێشدا مەعریفە بوونی هەیە و پێشدەکەوێت،



پاشان ئەوە کاریگەری لە سەر کۆمەڵگەش جێدەهێڵێت و پێشیدەخات، واتە بایەخی سەرەکی بە ئاستی زانین دەدات بەو پێیەی ئەگەر مەعریفەیەکی کامڵ و تۆکمە سەرهەڵبدات و گەشە بکات، ئەوسا خۆبەخۆ کار لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەش دەکات.

بەڵام بیرمەندی فەرەنسی سان سیمۆن (1825-1760) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، ئەو وایدەبینی کە لە هەموو سەدەکاندا و لەلای هەموو گەلاندا گونجانێکی جێگیر هەیە لە نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرێك و بیری مرۆڤ لە سەرێکی ترەوە، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیی جێگیر هەیە لە نێوان مەعریفە و کۆمەڵگەدا، چونکە، وەك سان سیمۆن دەڵێت، توانای مرۆڤ و توانای کۆمەڵگە لە لایەنی ماتریاڵی و ڕۆحیدا، توانایەکی یەکسانە و لە چەندین ئاستدا وەك یەکن. بۆیە دەبینین لە کۆمەڵگە سەربازی و کۆیلەیی و کشتوکاڵییەکاندا مەعریفەیەکی تیۆلۆژی (لاهوتی) بوونێکی باڵادەستی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا مەعریفەیەکی تەکنیکی یان تێکنۆلۆژی و زانستی بوونێکی باڵادەستی هەیە.

کەچی سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی ئۆگست کۆنت (1857-1798) کەمتر بەلای ئەوەدا دەچێت کە مەعریفە گرنگتر بێت و لەپێش کۆمەڵگەوە بێت، ئەو زیاتر باوەڕی بەوە هەبوو کە مەعریفەی زانستیی لە جەوهەردا باڵاترین جۆری مەعریفەیە، ئەمەش لە باوەڕبوونی بە پۆزەتیڤیزم-ەوە سەرچاوە دەگرێت, بگرە ئۆگست کۆنت پێیوایە



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە یەك ئامانجی هەیە ئەویش پاساو هێنانەوەیە بۆ پۆزەتیڤیزم، بۆیە هەندێکجار سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەتوانێت شوێنی ئیپستیمۆلۆژیا بگرێتەوە و تەنانەت پۆزەتیڤیزمیش دابین بکات، لێرەدا مەعریفە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی دەترازێت و دەبێتە رێنوێنیکاری کۆمەڵگە.

ئۆگست کۆنت بە شێوەیەکی میتۆدی و زانستی باسی ئیدراك و زانینی کۆمەڵگە دەکات، کۆنت وایدەبینێت کە فیکر و مەعریفە لە میانی وەچەکاندا بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

- قۆناغی یەکەم بریتییە لە قۆناغی تیۆلۆژی (لاهوتی).
- قۆناغی دووەم بریتییە لە قۆناغی میتافیزیکی.
- قۆناغی سێیەمیش بریتییە لە زانستی راستەقینە کە زانستێکی پۆزەتیڤیستییە.

ئەم پێشکەوتنە مەعریفییە دەبێتە مەرجێك بۆ سەرجەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان.

دواتر بیروباوەڕی مارکسیزم، سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی گەیاندە ئاستێکی بالاتر، بەو پێیەی کارل مارکس (1818-1883) لە مەعریفەدا ئایدیۆلۆژیای گرێدا بە ململانێی چینەکانەوە، مەبەستمان لەوەیە کە لە بیری مارکسیزمدا بە شێوەیەکی روونتر مەعریفە و زانین و



ئاستی تێگەیشتنی ئینسانەکان پەیوەست کرا بە کۆمەڵگاکان و بە بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چونکە مارکس پێیوابوو بیرۆکەی "پێشکەوتن" پابەندە بە دروستی و رێژەیی مەعریفەوە.

پاشان ماکس شیلەر (1874-1928) و ئیمیل دۆرکهایم (1858-1917) ، لەسەر هەمان رەوت، بەڵام هەریەکەیان بە رێگەیەکی جیاواز، پەرەیان بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە داوەو راستەوخۆ لە نووسینەکانیاندا ئاست و جۆری مەعریفەیان بەستۆتەوە بە ئاست و جۆری کۆمەڵگاوە.

لە دواییدا کارل مانهایم (1893-1947) دێت و لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی گرنگدا جێکەوتێکی دیار لە پێشکەوتنی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا جێدەهێڵێت، کارل مانهایم داهێنەری تێرمی "رێژەگەرایی مەعریفە"یە و پێیوایە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە ئاستی پێشکەوتنی مەعریفەکەیەوە دەپێورێت، بەڵام مانهایم بە شێوەیەکی رەها خۆی بەم بیرۆکەیەوە نابەستێتەوە، بەڵکو دەشێت هەندێکجار مەعریفە چەند پلەیەك لە پێش کۆمەڵگاوە بێت، یان بە پێچەوانەوە دەشێت کۆمەڵگە چەند هەنگاوێك لەپێش مەعریفەوە بێت.

ئەم جیاوازییەی نێوان زانایانی کایەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، دەریدەخات کە ئەم بەشە لە کۆمەڵناسی، تا ئەمرۆش، شوێنی مشتومڕ و ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز جیاوازە، هەریەکە لە کۆمەڵناسانی بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، لە تێڕوانینیاندا بۆ پەیوەندیی نێوان ئاستی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

زانین و ئاستی کۆمەڵگە، ڕەوتێکیان لەو بوارەدا خوڵقاندووە، ئەو ڕەوتانەش بەو کۆمەڵناسانەوە دەناسرێن کە دایانهێناون.

بۆیە دەبینین لە هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا و لە ئەمریکاشدا، بە شێواز و ڕێگەی جیاواز لەم مەسەلەیە دەڕوانن، هەریەکەیان بە پێی تایبەتمەندیی کۆمەڵگاکەی خۆیان چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە دەدۆزنەوە، بۆ نموونە لە ئەمریکادا پتر تەرکیز دەکرێتە سەر لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕی میللی، لێرەدا پێشخانە فەلسەفییەکانی پەیوەندیی نێوان مەعریفە و کۆمەڵگە فەرامۆش دەکرێت. بایەخی زیاتر بە هەندێك ڕووداوی سەرەکی و گرنگ دەدرێت و لە ڕێگەی ئامار و ریفراندۆمەوە کاریگەرییەکانی مەعریفە لە کۆمەڵگەدا پیشان دەدرێت، هەروەها لە چۆنێتی بڵاوبوونەوەی چەشنێك لە مەعریفە لە نێو جەماوەردا ورد دەبنەوە. لێرەدا بەشێك لە زانایانی بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، واتە سایکۆسۆسیۆلۆژی، لەو پەیوەندییە ناجێگیر و جولاوە ورد دەبنەوە کە لە نێوان مەعریفە و کۆمەڵگەدا هەیە.

بەڵام لە ئەوروپادا، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، لە ڕاست و دروستی بۆچوون و ئایدیاکان و لە ئاستی فیکر و بیروباوەڕە جیاجیاکان دەکۆڵێتەوە، بە شێوەیەکی ڕێژەگەرایی لەو ئایدیا و بیرانە دەڕوانێت، جۆر و ئەندازەی خزمەتکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەبێتە پێوەر بۆ دروستیی مەعریفەیەکی دیاریکراو. بارودۆخی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیی گشتی لە سەرووی مەسەلەکانی ترەوە دادەنێن. واتە زانین دەبەستنەوە بە چوارچێوە



کۆمەڵایەتییەکەیەوە، لێرەدا جۆرج گۆرڤیچ لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێکی دیاری لەو بوارەدا هەبووە.

کەواتە سەرجەمی دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵناسان، هەر لە ئۆگست کۆنتەوە تا کارل مارکس و دۆرکهایم و ماکس شیلەر و ماکس ڤێبەر و کارل مانهایم و پیتریم سۆرۆکین و گۆرڤیچ و پیتەر بێرگەر، بە شێوەی جیاجیا و لە گۆشەی جیاوازەوە، بایەخیان بە سۆسۆلۆژیای مەعریفە داوەو قسەیان لە بارەیەوە کردووە، بە تایبەتی نەوەی دووەمی کۆمەڵناسان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی زانستی و کاریگەریان لەو بوارەدا ئەنجامداوەو سەرنجی زۆربەی زانایانیان بۆ گرنگیی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ڕاکێشاوە.

تێبینی: پۆزەتیڤیزم چییە؟

بابەتی ئیشکردنی پۆزەتیڤیزم بریتییە لە شیکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی فیکرو زانست. پۆزەتیڤیزم بە پلەی یەکەم فەلسەفەی زانستە، جەخت لەوە دەکات کە زانست دەتوانێت تەنها ئەو شتانە لێکبداتەوە کە شیاوی تێبینی کردنن و ڕاستەوخۆ هەستەکانی مرۆڤ دەرکیان پێدەکات، شتێك کە شیاوی تێبینیکردن نەبێت زانست ناتوانێت لێی بکۆڵێتەوە. واتە پۆزەتیڤیزم کورتکردنەوەو سنوردارکردنی زانستە بۆ وەسفکردنێکی دەرەکی دیاردەکان کە لە مەودای تواناکانی هەستدایە بۆ بینین و تێبینیکردن.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

پۆزەتیڤیستەکان باوەڕیان وایە کە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەشێت وەك زانستە سروشتییەکانیان لێ بێت، وەك ئەوەی دەرەنجامی سەد دەرسەد راست بدەن بەدەستەوە. ئەوان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان نابێت تەماشای ویست و ئارەزوو و بەربەست و ئیرادەی مرۆڤەکان بکەین، چونکە ئەمانە شتی ناوەکین و قابیلی بینین و پێوان نین. بەڵکو دەبێت تەماشای ئەو شتانە بکەین کە قابیلی پێوانن. کەواتە پۆزەتیڤیزم تەنها دیوی دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبینێت و شۆڕنابێتەوە بۆ ئاستی لێکدانەوەی ناوەکی و دۆزینەوەی ئەو میکانیزم و هێزانەی لە ناوەوەدا دیاردەکان بەرهەمدەهێنن و ئاراستەیان دەکەن و بڵاویاندەکەنەوە.

لە مارکسەوە بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت و تا هابرماس رەخنەیەکی توندیان لە پۆزەتیڤیزم گرتووە، تەنانەت ئالتۆسیر هەوڵیداوە مارکسیزم لە پۆزەتیڤیزم رزگار بکات.

## باسی چوارەم: بابەتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە



بابەتی توێژینەوەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، لە نێو سەرجەم توێژینەوەکانی سۆسیۆلۆژیای گشتیدا، شوێنێکی گرنگ و سەرەکی دەگرێت، چەند سەدەیەك لەمەوپێش بیکۆن وتوویەتی: "مەعریفە بریتییە لە هێز، زانستیش بەشێکە لە مەعریفە، بۆیە دەبینین زانست کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر کاروانی گەشەپێدان و پێشخستندا هەیە، بەو پێیەی کە دەبێت زانست لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا بێت".

برتراند رسل لەکتێبی "ئایندەی زانست"دا لە بارەی کاریگەریی پێشکەوتنی زانستی لە ژیانی هاوچەرخماندا، دەڵێت:"ئەگەر ئایین و هونەر بەر لە هەشت هەزار ساڵ لەسەر گۆی زەوی پەیدا بووبن، ئەوا زانست وەك هێزێك کە رێنوێنیی ژیان دەکات، سێ سەد ساڵە پەیدا بووەو لە سەر دەستی گالیلۆدا برەوی زیاتری پێدراوە، لە سەرەتادا خولیای زانست تەنها خواستی هەندێك زانا و رۆشنبیر بوو، بەڵام لە سەدو پەنجا ساڵی دواییدا، بوو بە خولیای سەرجەم مرۆڤایەتی و سەرانسەری کۆمەڵگاکان".

مەعریفە ئەو بنەمایەیە کە دەبێتە سەروەتی هەموو پێشکەوتنێك، ئەگەرچی هەندێکجار زانست بە خراپ لە دژی مرۆڤایەتی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە دروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی و هاوشێوەکانی، بەڵام لە راستیدا هەموو دۆزینەوەیەك و هەموو دەستکەوتێکی نوێ دەشێت لە پێناوی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەو بەختەوەریی مرۆڤدا بەکاربهێنرێت.

زانست بەگشتی بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە هەیکەلێکی رێکوپێك لە مەعریفە، هەموو زانستەکان (زانستی سروشتی بن یان



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی) دوو ڕەهەندی بنەڕەتی لە خۆدەگرێت، یەکەم ڕەهەندی مەعریفی کە بریتییە لە هەموو ئەو چەمك و تیۆرو یاسایانەی زانست پێشکەشیان دەکات. دووەم ڕەهەندی میتۆدی کە بریتییە لە ڕەگەزەکانی بنیاتنانی میتۆدییانەی زانست، ئەو بنیاتەی کە دەتوانێت کارو هەنگاو و ڕێسا میتۆدییەکان بۆ توێژەر دیاری بکات لە پێناوی گەیشتن بە مەعریفە.

مەعریفە، بە سروشتی خۆی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، مەعریفە لە بنەڕەتدا بریتییە لە بیناکردنی کۆمەڵایەتی و بەرهەمی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، بۆیە مەعریفە چالاکییەکە لە گۆشەگیریدا نایەتە بوون، بەڵکو لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت، واتە مەعریفە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەو مومکین نییە لە واقیعی کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە، تەنها لە ناو کۆمەڵگەشدا گەشە دەکات، چونکە تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، بە سروشتی خۆیان، هاوکاریی یەکدی دەکەن و زانیاری لە یەکدی وەردەگرن و شارەزاییەکان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ دەکەن و بەشداری لە بنیاتنانی مەعریفەی نوێدا دەکەن، بەو پێیەی ئەو مەعریفەیە لە ڕێگەی پەیوەندی و کاری هاوبەشەوە دێتە بوون. تەنانەت هەر دۆزینەوەیەکی مەعریفی و زانستی، یان نووسین و دانانی هەر کتێبێك، بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت، چونکە مەعریفەیش وەك هەر ڕووداو و دیاردەو واقیعێکی کۆمەڵایەتی، یان وەك هەر نەریتێکی



کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیستمی سیاسی، لە ناو خودی ئەو کۆمەڵگایەوە لە دایکدەبێت و وەك دیاردەی کۆمەڵایەتی لێیان دەکۆڵرێتەوە.

پێشەنگانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەشدارییەکی بەرچاویان لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی مەعریفەی کۆمەڵایەتیدا کردووەو پەیوەندیی مەعریفەیان بە بوونی کۆمەڵایەتی یەکالا کردۆتەوە، ئەمەیش لە میانی تێڕوانینێکی گشتگیر کە هەندێکجار جەخت لە ناتەبایی پەیوەندیی نێوان مەعریفەی باو لەسەرێك و بونیادی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە سەرێکیترەوە، دەکات.

ئەم تێڕوانینە بەزۆری لە کارەکانی چەند سۆسیۆلۆژیستێکی ئەو بوارەدا بەرجەستە دەبێت، بە تایبەتی لە کارەکانی کارل مارکس و ئیمێل دۆرکهایم و کارل مانهایم و ماکس ڤێبەر و لیڤی برۆدهێل و پیتەر بێرگەرو جۆرج گۆرڤیچ و کارل پۆپەر، کە ئەم زانایانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە ئیشکالیەتی پەیوەندیی نێوان مەعریفەو کۆمەڵگەیان کۆڵیوەتەوەو مەعریفەیان وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ناساندووە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەشێکی سەرەکی و گرنگی سۆسیۆلۆژیای گشتییە، کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەدا سروشتی کۆمەڵایەتییانەی مەعریفە باس بکات، بۆیە دەتوانین سەرجەمی پێناسەو چەمکە جۆراوجۆرەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەم چەند وشەیەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

بابەتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لەنێوان مەعریفەو بنەما کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بەو پێیەی فۆرمە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی مەعریفە بەندە بە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییە هەمەڕەنگ و جیاوازەکان، ئەرکی سەرەکیی ئەم زانستە بریتییە لە دۆزینەوەی پابەندبوونی مەعریفە بە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

سۆسیۆلۆژیستی ناودار ئیمیل دۆرکهایم هەوڵیداوە بیسەلمێنێت کە بیرە سەرەکییەکانی ئەقڵ و کلاتیگۆرییە جەوهەرییەکانی فیکر، بەرهەمی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانن، ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نموونانە پێشکەش دەکات کە دواجار دەبن بە بیر و وتەو قسەی تاکەکانی کۆمەڵگە، واتە هەموو بیرو زانیاری و باوەڕەکان، لە بنەچەدا، کۆمەڵایەتین و لە ڕێگەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە لە دایکدەبن، واتە ئەو زانیاری و زانین و وتەو باوەڕانە لە ئەقڵدا ڕەگیان دانەکوتیوە، بەڵکو بە پێی چەشنی کۆمەڵگاکە شێوە دەگرن و بە پێی گۆڕینی هەلومەرجەکان ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

تەنانەت چەمکی زەمەنیش، لە بنەڕەتدا، لە ئەقڵی مرۆڤدا ڕەگیدانەکوتیوە، بەڵکو زەمەن بریتییە لە گوزارشتکردن لە ئیقاعی ژیانی کۆمەڵایەتی. دابەشکردنی زەمەن بۆ ڕۆژ و هەفتەو مانگ ساڵ، لەگەڵ خولی سرووتە ئاینییەکان و ئاهەنگ و بۆنە گشتییەکاندا گونجێنراوە. واتە زەمەن، بەو واتایە، ڕیتمی ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەبڕێت.

مرۆڤ لە دێرزەمانەوە هەوڵیداوە توخمەکانی ئەو ژینگەیە بناسێت کە تیایدا دەژی، هەوڵیداوە نهێنییەکانی ژینگەکەی خۆی بزانێت، چونکە



مرۆڤ لەوەتەی هەیە خولیای زانین و کەشفکردنی هەیە، هەمیشە بۆچوون و بیروڕای خۆی، بە شێوەی جیاجیا، لە بارەی شتەکانەوەی وتووەو وێنای شتەکانی کردووە، ئەمانەیش بە سروشتی حاڵ، زانین و مەعریفەی مرۆڤیان لە بارەی سروشت و دەوروبەرەوە زیادکردووە.

سێ ڕەگەز لە ژیانی مرۆڤدا هەن کە هەست پێکراون و مرۆڤ دەرکیان پێدەکات، یەکەم: بوونی جیهانێکی دەرەکی لە دەرەوەی خۆی، دووەم: بوونی واقیعێك جیا لە واقیعەکەی خۆی، سێیەم: بوونی زەینێکی تایبەت بە خۆی، واتە وێنا و مەعریفەی تایبەت بە خۆی. پاشان هەست بە بوونی جۆرە پەیوەندییەکی مەعریفی و تایبەتی دەکات لە نێوان خۆیدا وەك خودێك کە خاوەنی ئەقڵەو خۆی دەناسێت و لە نێوان جیهانی دەرەکیدا بە هەموو شتەکانییەوە، لێرەدا مرۆڤ پەیوەندییەکی مەعریفی لە نێوان خودو جیهاندا دروستدەکات. ئیدی لەوێوە دەستدەکات بە کارو چالاکییەکانی ژیان، هاوکات چەکداریشە بە زانیاری و مەعریفە، بۆیە هەمیشە دەپرسێت چی دەکات، بۆچی کار دەکات، چ کارێك دەکات، چۆن کار دەکات، لە پێناوی چی و لە پێناوی کێدا کار دەکات.

## بەشی دووەم:



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## سەرچاوەو جۆرەکانی مەعریفە

### باسی یەکەم: سەرچاوەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی

زانیارییەکانی مرۆڤ (مەعریفەی مرۆڤ) فرەڕەنگ و هەمەلایەنن، ئەمەیش بە پێی جۆری ژیان و پەرەسەندنی فیکری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان دەگۆڕدرێت. بە گشتی مەعریفە لەلای مرۆڤ چەندین جۆر لە خۆدەگرێت، لەوانە:

مەعریفەی خورافی و ئەفسانەیی، مەعریفەی ئایینی، مەعریفەی خودی – ئینتباعی، مەعریفەی کەلەپورئامێز، مەعریفەی ئەقڵی، مەعریفەی زانستیی.

بە پێی ئەم فرەییەی مەعریفە، سەرچاوەکانیشیان فرە و جیاوازن، سەرچاوەی هەندێك مەعریفە ئەقڵی مرۆڤ خۆیەتی، سەرچاوەی هەندێك مەعریفەی تریش هەست و دەرکی مرۆڤە، یان سەرچاوەی میراتی کولتوری کۆمەڵایەتی و هەروەها سەرچاوەی هەندێکی تریان ئایینە و سەرچاوەی بەشێکیشیان باوەڕی غەیبیانییە، سەرچاوەی بەشێکی تریشیان دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوە زانستییەکان، واتە زانست دەبێت بە سەرچاوەی مەعریفی و زانینی مرۆڤ.

بۆیە لێرەدا زانایانی بواری کۆمەڵناسی بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی چەمکی مەعریفەی کۆمەڵایەتی هەیە کە لەوانەیە بتوانین لە دوو بۆچوونی سەرەکیدا کورتیان بکەینەوە:



بۆچوونی یەکەم پێیوایە مەعریفە حاڵەتێکی عەقڵی دەنوێنێت و بە دوای تێڕوانینێکی واقعیانەدا دەگەڕێت بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، لە پێناو گەیشتن بە حەقیقەت.

بۆچوونی دووەم پتر بۆچوونێکی خودی و ئینتباعییە کە لە چوارچێوەی خودی تاکەکەس و پێوەرەکانی تاکەکەس دەرناچێت، بۆیە ئەو بۆچوون و زانینە خودییە، جیاواز دەبێت لەگەڵ بۆچوون و زانینی ئەوانیدی و هیچ گونجانێك دروست نابێت، بۆ نموونە کە دەڵێین "ئەم گوڵە ڕەنگی سوورە"، هەمووان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ڕەنگی گوڵەکە سوورە، بەڵام لەسەر بۆنی خۆش یان ناخۆشی ئەو گوڵە کۆك و تەبا نین، چونکە ئەمە ملکەچی حوکمێکی خودی و کەسییە.

* کارل پۆپەر (1902-1992) بۆچوونێکی جیاوازی لە دوو بۆچوونەکەی پێشوو هەیە، کە وردبینییەکی زیاتری لە دیاریکردندا هەیە، پۆپەر پێیوایە (واقیعی کۆمەڵایەتی) بەسەر سێ بەشدا دابەشدەکرێت، بەشی یەکەم بریتییە لە لایەنی ماتریالی-مادی، بەشی دووەم بریتییە لە لایەنی ئەقڵی، بەشی سێیەمیش بریتییە لە لایەنی ئیدراکی.

(عەقڵی مرۆڤ) ناوەندێکەو هەرسێ بەشەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە، بۆچی؟ چونکە مومکین نییە، لە میانی دەرکی مرۆڤەوە بۆ ئەو واقیعە، لە واقیع تێبگەین، بەڵکو لە میانی تێبینیەکانیەوە لەسەر ڕووداو و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، مومکینە لە واقیع تێبگەین، واتە تێبینییەکان لە پاش ڕووداوەکانەوە دێن، ئەمەش واتە سەرەتای مەعریفەی مرۆڤ لە



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

پاش گرفتەکانی کۆمەڵگاکەیەوە دروستدەبێت و پاشان چالاکیی ئەقڵی دەست پێدەکات لە بارەی هۆکارەکانی روودانی ئەو گرفتە و بەستنەوەی بە لایەنە ماتریالی و ئیدراکییەکان.

* بەڵام (مارشال سوین) وایدەبینێت کە مەعریفەی راستەقینە تەنها لە رێگەی ئەقڵ یان لە رێگەی بیری زانستییەوە نایەت، بەڵکو لە رێگەی (بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی)شەوە دێت کە زیاتر پشت دەبەستێت بە بەرجەستەکردنی نادیارو تەمومژەکان.

* کەچی ماکس شیلەر (1874-1928) وایدەبینێت کە مەعریفەی کۆمەڵایەتی، هەم فیکرو هەم دەرککردنی هەستی لە خۆدەگرێت، ئەمانەش لەلایەن (بنیاتی کۆمەڵایەتی)یەوە دیاریدەکرێن. مەعریفەی کۆمەڵایەتیش بە پێی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت، واتە مەعریفەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵگاکە خۆیەتی، واتە مەعریفە چەشناوچەشنە بە گوێرەی چەشناوچەشنیی کۆمەڵگاکان و گروپەکان و تەنانەت بە پێی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانیش، کە لە هەریەکەیاندا مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەمە مانای وایە کە مەعریفەی کۆمەڵایەتی، بە بۆچوونی ماکس شیلەر، کوڕی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، واتە مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لەدایکبووی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەو هەڵگری سیماو تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگایەیە، بۆیە ناکرێت تاقە مەعریفەیەك بۆ هەموو کۆمەڵگاکان هەبێت، بەڵکو مەعریفەی کۆمەڵایەتی، تا ئەندازەیەکی گەورە، مەعریفەیەکی فرەڕەنگ و فرەچەشنە، بە پێی جۆرو



ئاستی پێشکەوتن و پێکهاتەی بنیات و دۆخی کولتوری و کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگایەك گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.


* جۆرج هێربێرت مید (1863-1931) دەڵێت: مەعریفەی کۆمەڵایەتی لە (بارودۆخی کۆمەڵایەتی)یەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاکەکەس، لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، تیایدا دەژێت، مید پێیوایە مەعریفەی کۆمەڵایەتیی تاکەکەس راستەوخۆ لە ئەقڵیەوە یان لە دەرك پێکردنەوەکانیەوە نایەت، بەڵکو لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەوە دێت کە تیایدا دەژی، واتە لەو مەوقیعە کۆمەڵایەتییەی تاکەکەس و لە پەیوەندییەکانیدا لە نێو خێزانەکەی و هاوڕێ و کۆمەڵگاکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئیدی لێرەدا ئەو مەعریفەیە پتر مەعریفەیەکی ناوچەیی (لۆکاڵی)یە، بەڵام مەرج نییە ئەم زانینە لۆکاڵییە لەلای هەموو تاکەکانی هەمان کۆمەڵگەدا یەکسان بێت یان لەیەك بچێت، چونکە دەشێت ژێریی تاکەکەسەکان لە وەرگرتنیماناو کارکردە دەرەکییەکانی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژین، ئاستی زانینی جیاواز بخولقێنێت.

* کەچی ئیمانۆئیل کانت (1724-1804)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی جەخت لەوە دەکات کە (ئەزموون) سەرەتای هەموو ئەو مەعریفانەیە کە لە ئێمەدا دروستدەبن، بەڵام مەرجیش نییە هەموو زانینەکانی ئێمە، بە پێویست، لە ئەزمونەوە دەرهێنرابن، واتە لێرەدا مەعریفەیەکی تەواو سەربەخۆ هەیە کە لە ئەزمونەوە نەهاتووە و لە بنەڕەتدا پابەندی هیچ



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

ئینتیباعێکی هەستی نییە، ئەمە لە راستیدا ئەو مەعریفە سەرەتاییەیە کە پێش هەموو ئەزمونێکیش شێوە دەگرێت.






## باسی دووەم:
## جۆرو شێوەکانی مەعریفە
## جۆرەکانی مەعریفەی مرۆڤایەتی

فەیلەسوفەکان مەعریفەی مرۆڤایەتییان بە سەر دوو جۆردا دابەشکردووە:

یەکەم: مەعریفەی گشتی

دووەم: مەعریفە فەلسەفی

1-مەعریفەی گشتی، کۆی هەستە مادییەکانی مرۆڤە کە پتر مەعریفەی سادەن و خالّین لە وردبینیی و قووڵی، هەروەها ناجێگیرن و درێژە ناکێشن.

2-مەعریفەی فەلسەفی، ژمارەیەك لە فەیلەسوفان دەڵێن ئەم مەعریفەیە درێژکراوەی هەژمونی مەعریفەی گشتییە، بەلأم دەبێت ئەم درێژبوونەوەیە بە پێی یاسایەکی رێکوپێك رێبکات.

جیاوازی نێوان ئەو دوو مەعریفەیە:

1-مەعریفەی گشتی لایەنە مادی و کۆمەلأیەتییەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەلأم مەعریفەی فەلسەفی، سەرباری ئەوانە، هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون و نهێنییەکانی بوونیش دەدات.

2- مەعریفەی گشتی لەلای هەموو تاکەکاندا بوونی هەیە، کەچی مەعریفەی فەلسەفی لە چەند کەسێکی دەستەبژێردا قەتیس دەبێت.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

3-مەعریفەی گشتی لە هەموو تاکەکاندا خۆڕسکەو لەلای هەموو کەسێکی خاوەن ئەقڵ بونی هەیە، بەڵام مەعریفەی فەلسەفی لە پراکتیك و کۆششی گەورەو سەبرێکی درێژەوە بەدەست دێت.

4-مەعریفەی گشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی غەریزەو سۆزەوە، بەڵام مەعریفەی فەلسەفی دوورە لە غەریزە و سۆز و پتر ئەقڵانییە.

کۆمەڵگەی پیشەسازی مەعریفەیەکی خورافی و ئەفسانەیی بەرهەمناهێنێت، بەڵکو مەعریفەیەکی تەکنۆلۆجی بەرهەمدەهێنێت، کەچی کۆمەڵگەی سەرەتایی و تەقلیدی مەعریفەیەکی خورافی بەرهەمدەهێنێت، کە لە دابونەریتە کۆنەپارێزەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

## جۆرو شێوەکانی مەعریفە لە دیدی جۆرج گۆرڤیچ

بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان مەعریفەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە جۆرەکانی مەعریفە دیاری بکەین، کە لە تەك فۆرمەکانی مەعریفەدا لە چەندین رووەوە یەکتر دەبڕن. مەبەستمان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان ئەو چەمکەیە کە جۆرج گۆرڤیچ دەستنیشانی کردووەو بریتییە لە: (دەرکەوتەی گروپەکان، کۆبوونەوە تایبەتییەکان بە تایبەتی لە شوێنە گشتییەکان و لە کڵێسەو مزگەوتەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، توێژە جیاوازەکان).

کەواتە بۆ توێژینەوە لە دەرخستنی جیاوازییەکانی مەعریفە لە تێڕوانینی سۆسیۆلۆژییەوە، هەر دەبێت لە جۆرەکانی مەعریفەو



فۆرمەکانی مەعریفە بکۆڵینەوە، مەرجیش نییە ئەو جۆرە فۆرمانەی مەعریفە کە لێرەدا دیاریکراون، لە هەموو کات و شوێنێکدا هەر بەو شێوەیە بن و هەر بەو شێوەیەش بمێننەوە، بەڵکو دەشێت لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییترو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، دەشێت لە ئاییندەدا چەندین جۆرو چەندین فۆرمی دیکەی مەعریفە سەرهەڵبدات.

بەشێك لە جۆرەکانی مەعریفە، بە تایبەتی مەعریفەی ئیدراکی بۆ جیهانی دەرەکی، مەعریفەی ئەویدی، مەعریفەی "ئێمە"، مەعریفەی گروپەکان، مەعریفەی چینەکان، مەعریفەی سیاسی، هەندێك مەعریفەی دی کە پەیوەستن بە زانستە سروشتییەکانی وەك (گەردوونناسی، سروشتناسی، زیندەوەرزانی) یان پەیوەستن بە زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەك (مێژوو، کۆمەڵناسی، دەروونناسی... تاد)، لێکۆڵینەوەی شێوازەکان و سەردەمە تایبەتییەکان لە خۆدەگرێت.

لە هەر سەردەمێکدا جۆرێك لە مەعریفە باڵادەست و باو بوو، بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا "مەعریفەی فەلسەفی" و "مەعریفەی ئیدراکی بۆ جیهانی دەرەکی"لە نێو جۆرەکانی تری مەعریفەدا شوێنێکی گەورەیان داگیر کردبوو، بەڵام لە چەرخی سەرمایەداریداو لەژێر سیستمی کاپیتالیزمی بەربەرەکانیدا، مەعریفەی زانستی دەبێت بە مەعریفەیەکی باو و کاریگەر، کەچی لە ژێر ساسەی سیستمی سەرمایەداریی رێکخراو و لیبرالیزمدا لەسەرێك مەعریفەی تەکنۆلۆژی و لەسەرێکیتر مەعریفەی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

سیاسی باڵادەست دەبن، ئیدی هەموو جۆرەکانی دیکەی مەعریفە مۆرکی ئەو دوو جۆرە مەعریفەیە وەردەگرن.

## جۆرەکانی مەعریفە:

گرنگترین جۆرەکانی مەعریفە، بەو پێیەی جۆرج گۆرڤیچ دایناون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

## 1-مەعریفەی ئیدراکی بۆ جیهانی دەرەکی:

لەم جۆرە مەعریفەیەدا، بەو پێیەی کە واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، دەبێت دەرککردنێکی گشتی و بەکۆمەڵ بوونی هەبێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای فیودالیزمدا "مەعریفەی ئیدراکی بۆ جیهانی دەرەکی" لە پلەی دواوە دانرابوو، دەبینین لەو چەشنە کۆمەڵگەیەدا هیچ ئاسۆیەك لە هونەردا نەبوو، پێشکەوتنێکی زۆر خاو و خلیچك و سڕ لە ئارادا بوو، شارو گوندەکان بەسەر خۆیاندا داخرابوون.

## 2-مەعریفەی هەستی دروست:

یان مەعریفەی ژیانی ڕۆژانە، ئەم جۆرە مەعریفەیە پتر لایەنگری مەعریفەی پێشین، واتە سەلەفی، مەعریفەی کەسانی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون و ریشی سپی، مەعریفەی رەوشت و دابونەریتی باو کە گەنجان و وەچەی نوێ کەمتر بەلایدا دەچن، وەچەی کۆن هەوڵدەدات وەچەی نوێ



لەسەر "هەستی دروست" پەروەردە بکات و دووریان بخاتەوە لە سەرەڕۆیی، بەڵام ئەم چەشنە هەوڵدانە لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا زۆر جار هەوڵی بێهودەیە، چونکە ژیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە هۆی هێزی پێشکەوتنە تەکنیکییەکان، بۆیە پێویستە هەر وەچەیەك یان هەر توێژو گروپێك "هەستی دروست"ی تایبەت بە خۆی هەبێت. بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەرچەندە کۆمەڵگە رۆشنبیر بێت، رۆڵی مەعریفەی "هەستی دروست" کەمتر دەبێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی نەخوێندەواردا رۆڵی مەعریفەی هەستی دروست زیاتر دەبێت.

## 3-مەعریفەی تەکنیکی:

مەرج نییە مەعریفەی تەکنیکی تەنها لە تەکنۆلۆژیادا قەتیس بکرێت، بەڵکو لە هەموو بەکارهێنانە چالاکەکان و لە دروستکردن و جۆری پیشەدا دەردەکەوێت، کە ئەمانە پتر سەربەخۆن، بەڵام سەرچاوەی ئەم مەعریفەیە بریتییە لە ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵگە. لە پێناو بەرهەمهێنان و رێکخستن و پلاندانان و گەیاندن و گشتاندن و خۆشگوزەرانیی ژیانی مرۆڤ.

لە کۆمەڵگە تیۆکراتی و کاریزمییە کۆنەکاندا، وەك کۆمەڵگەی میسری کۆن، مەعریفەی تەکنیکی لە ئاستێکی بەرزدا بوو، بە ئەندازەیەك بووە هۆی دروستکردنی هەرەمەکان. لە قۆناغی فیودالیزمدا ئەو مەعریفەیە کەمێك پێشکەوت، لە مانیفاکتۆرەدا دەرکەوت، لە قۆناغی سەرمایەداریشدا مەعریفەی تەکنیکی بە رادەیەکی زۆر باڵادەست



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

بوو كه له سهدهی بیستهمدا مهعریفهی تهكنیكی و مهعریفهی زانستی له پهیوهندییهكی پتهو و راستهوخۆدا بوون، كه ئهو پهیوهندییه له تهكنۆلۆژیادا بهرجهسته دهبوو، تهنانهت زانسته مرۆڤایهتییهكانیش كهوته ژێر ههژموونی مهعریفهی تهكنیكییهوه، به تایبهتی سایكۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیای نوێ و هاوچهرخ.

## 4-مهعریفهی سیاسی (رامیاری):

دهبێت له سهرهتادا مهعریفهی سیاسی جیابكهینهوه له زانستی سیاسهت و له سۆسیۆلۆژیای رامیاری، كه ئهم دوو زانسته به میتۆدی جیاواز له رژێمه سیاسییهكان و له پارته رامیارییهكان و له ئامادهكردن و بهڕێوهچوونی ههڵبژاردنهكان دهكۆڵنهوه، به كورتی ئهم دوو زانسته له ههموو ئهو شتانه دهكۆڵنهوه كه دهوڵهت پهیوهست دهكهن به سیاسهتهوه. ههروهها مهعریفهی سیاسی جیایه له بیروباوهڕی سیاسی و له فهلسهفهی سیاسی.

مهعریفهی سیاسی زۆر نزیكه له چهمكی پۆلیتیكس، یان پۆلیس . لێرهدا ئهم چهمكه دوو ئاراسته دهگرێتهوه:

1-ستراتیژی كردهی كۆمهڵایهتی

2- مهعریفهی خۆڕسك و مهعریفهی گێڕدراوه له یهك كاتدا، ئهمهیش رێنوێنی ئهو ستراتیژه دهكات. واته مهعریفهی سیاسی مهعریفهیهكی خۆڕسكهو له دهرهوهی ههموو زانستێكه، راستهوخۆ له



ململانێی كۆمهڵایهتیی فره مهوداو فره گرهودا سهرههڵدهدات. مهعریفهی سیاسی، پێشوهخت هیچ ئهگهرێك بۆ بوونی دهوڵهت یان بۆ كردهوه سیاسییهكهی دانانێت، بهڵكو له چهشنه جیاجیاكانی كۆمهڵگه سهرهتاییهكاندا دهردهكهوێت، ئهمهیش له میانی ململانێ و شهڕو ناكۆكیی نێوان خێڵ و هۆزهكان، ململانێی نێوان باوك و كوڕهكانی، یان برا گهورهو برا بچووكهكان بهرجهسته دهبێت. ئهم جۆره مهعریفه سیاسییه، ئهمڕۆ به جۆرێكی تر گواستراوهتهوه بۆ ناو دهوڵهت و پارته سیاسییهكان و چینه كۆمهڵایهتییهكان.

## 5-مهعریفهی زانستی:

مهعریفهی زانستی مێژوویهكی درێژو پڕ له ههورازو نشێوی ههیه، بهو مانایهی ئهم مهعریفهیه، له قۆناغی سهرهتاییدا، كه پهیوهست بوو به ئهفسانهو ئایین و فهلسهفه، رۆڵ و كاریگهرییهكی كهمتری ههبوو، بهڵام كه مهعریفهی زانستی له كۆمهڵگهی سهرمایهداریی پێشكهوتوودا خۆی له مهعریفهی فهلسهفی جیادهكاتهوه، ئیدی ململانێی لهگهڵدا دهكات و دواتر مهعریفهی فهلسهفی له چهندین رووهوه شوێن بۆ مهعریفهی زانستی چۆڵ دهكات.

مهعریفهی زانستی له چوارچێوه كۆمهڵایهتییهكهی دابڕاو نییه، به پێچهوانهی پۆزهتیڤیزم كه پێیوابوو زانست ناچێته ناو كلێشه كۆمهڵایهتییهكانهوه، كهواته مهعریفهی زانستی سهربهخۆییهكی رێژهیی ههیهو به جۆرێك له جۆرهكان پابهنده به جۆرو كلێشهی كۆمهڵگاكانهوه.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

لە هەموو مەعریفەیەکی زانستیدا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بە هێزێکی زۆرەوە کاریگەرییان دەبێت، هەرچەند مەعریفەی زانستی پێش بکەوێت، کاریگەریی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر دەبێت. لەم دۆخەدا کڵێشەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی روونتر کار لە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەکەن، بە تایبەتی لە زانستی مێژوو و لە کۆمەڵناسی، چونکە ئەم دوو زانستە: مێژوو و سۆسیۆلۆژیا، کەمتر لایەنگیرن و کەمتر بە ئایدیۆلۆژیا دەکرێن.

## 6-مەعریفەی فەلسەفی:

مەعریفەی فەلسەفی کارلێك لەگەڵ کردە زەینییەکاندا دەکات کە مەرج نییە ئەو کردە زەینییانە مەعریفی بن، ئەم جۆرە مەعریفەیە لە پلەی دووەم دێت، لە رووی پرەنسیپەوە مەعریفەیەکی بڵندگەراو دوور و ناوەکییە، ئەمە پتر مەعریفەیەکی تاکەکەسییە وەك لەوەی مەعریفەی کۆ بێت، لێرەوە بورجی عاجی فەیلەسوفەکان دێتە باسکردن، بەڵام فەلسەفەش هەمیشە لە ململانێ و بگرە قەیرانیشدا بووە، بە تایبەتی لەگەڵ بیروباوەڕی دۆگمای کڵێسەو ئایینەکاندا، هەروەها لەگەڵ ڕێبازو رەوتە فەلسەفییە جیاجیاکانی تریشدا.

پەیوەندیی مەعریفەی فەلسەفی بە مەعریفەی زانستی پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، لە سەردەمەکانی پێشووتردا ئەو کاتەی فەلسەفە هەژمونی بەسەر هەموو زانستەکانی تردا هەبوو، مەعریفەی زانستی لە ژێرەوە بوو،



بەڵام لە قۆناغی تازەو لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی قۆناغی کاپیتالیزمدا، مەعریفەی زانستی لە فەلسەفە خۆی جیاکردەوەو دەبینین ئەمڕۆ مەعریفەی زانستی هەژمونی بەسەر مەعریفەی فەلسەفیدا هەیە. بێگومان ئەمەش ئەو پەیوەندی و ئەو خاڵ و رێگە هاوبەشانە روون ناکاتەوە کە فەلسەفە بە زانست دەبەستێتەوە، ئەمڕۆ پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پتەو لە نێوان مەعریفەی فەلسەفی و مەعریفەی زانستیدا هەیە کە زۆر جار بە نێویەکدا دەچن و یەك ئاسۆیان هەیە.

مەعریفەی فەلسەفی لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداریی سەرەتاییدا هەژموونی هەبوو، بە تایبەتی لە چەرخی رۆشنگەریدا، کەچی لە چەرخی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆدا مەعریفەی تەکنیکی و مەعریفەی سیاسی، لە تەك مەعریفەی زانستیدا رۆڵێکی گەورەو باڵادەستیان هەیە.

## فۆرمەکانی مەعریفە:

ئێمە، وەك جۆرج گۆرڤیچ دەڵێت، دەتوانین لەناو جۆرەکانی مەعریفەدا تێبینی کۆمەڵێك فۆرم و شێوەی جیاجیای مەعریفە بکەین، کە ئەمانیش بەپێی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕرێن، دەشێت فۆرمەکانی مەعریفە سودیان بۆ جیاکردنەوەی هەموو جۆرەکانی مەعریفە هەبێت لە پەیوەندیاندا بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانەوە.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

ئەمانەی خوارەوە دیوالّتی پێنج فۆرمی مەعریفەن کە لەناو هەموو جۆرێکی مەعریفەدا دەیانبینین:

1-مەعریفەی سۆفیگەری و مەعریفەی ئەقلّی.
2-مەعریفەی ئەزموونگەرایی و مەعریفەی دەرکگەرایی.
3-مەعریفەی پۆزەتیڤیزم و مەعریفەی تیۆرسازی.
4-مەعریفەی هێماگەری و مەعریفەی گونجاو.
5-مەعریفەی بە کۆمەلّ و مەعریفەی تاکگەرا.

لە کۆمەلّگە سەرەتاییەکاندا، کە ئەقلّیەتێکی غەیبیانی و سەرەتایی تیادا باو و بلاّوە، مەعریفەی سۆفیگەری کە پشت بە حوکم و ئەزموون دەبەستێت، هەژموونی بەسەر هەموو فۆرمە مەعریفییەکانی تردا هەیە، لێرەدا رەگەزی سۆزداری رۆلّێکی گەورەی لە پایەدارکردنی مەعریفەی سۆفیگەریدا هەیە، مۆرکی سۆفییانەی مەعریفە لە ئەفسانە خوداوەندی و گەردوونییەکاندا پتر شێوە دەگرێت، بەلاّم هەندێکجار مەعریفەی سۆفیگەری لەتەك مەعریفەی ئەفسانەیی و مەعریفەی سیحریدا نایەتەوەو دژی دەوەستێت، بەلاّم بە مسۆگەری مەعریفەی سۆفیگەری پێچەوانەو دژە لەگەلّ مەعریفەی ئەقلّیدا.

دەرکەوتنی فۆرمی هەریەکە لە سۆفیگەریی مەعریفە، یان ئەقلّیی مەعریفە، دەوەستێتە سەر جۆرەکانی مەعریفە، هەروەك چۆن دەوەستێتە سەر بارودۆخ و چوارچێوە کۆمەلاّییەتییەکان، لێرەدا سۆفیگەری و



ئەقلّگەرایی ئاوێزانی یەکدی دەبن، ئیدی مەعریفەی فەلسەفی و مەعریفەی سیاسی دەتوانن بە ئاگاییەوە ئاراستەکان دیاری بکەن، بەلاّم مەعریفەی زانستی لە هەموو جۆرەکانی مەعریفە زیاتر پێچەوانەو دژی سۆفیگەرییە.

بەلاّم مەعریفەی ئەزموونگەرایی و مەعریفەی دەرکگەرایی پتر رێژەگەرایین، لەم مەعریفانەدا بایەخ بە ئەزموون و دارِشتنەوەی چەمك و تێگەیشتنەکان دەدرێت، بەو پێیە ئەو مەعریفانەی کە دەگەنە ئاستی باشترین دارِشتنی چەمکەکان، بریتین لە مەعریفەی فەلسەفی و مەعریفەی زانستی و مەعریفەی تەکنیکی، بەلاّم "مەعریفەی ئیدراکی بۆ جیهانی دەرەکی" پتر بەلای ئەزموونگەریدا دەچێت. بە گشتی هەولّدەدرێت هاوسەنگییەگ لە نێوان فۆرمی ئەزموونگەرایی و فۆرمی دەرکگەراییدا بکرێت، لە ئەمریکادا زیادەرۆیی لە فۆرمی ئەزموونگەرایی دەکرا، لە یەکێتی سۆڤییێتی جاراندا زیادەرۆیی لە فۆرمی دەرکگەراییدا دەکرا، بەلاّم لە فەرەنسادا هەولّدراوە هاوسەنگیی نێوان هەردوو فۆرمەکە بپارێزرێت.

دەشێت مەعریفەی پۆزەتیڤیزم، تا ئەندازەیەك، لە مەعریفەی ئیمپرێشنیزم (ئەزموونگەرایی) نزیك بێتەوەو مەعریفەی تیۆرسازیش لە مەعریفەی دەرکگەرایی نزیك بێتەوە، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك تێکەلّ نابن، چونکە دەشێت لە هەندێك بارودۆخدا مەعریفەی ئەزموونگەرایی ببێت بە تیۆرسازی و مەعریفەی دەرکگەراییش ببێت بە مەعریفەی پۆزەتیڤیزم.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

سەبارەت بە مەعریفەی هێماگەرایی، دەتوانین بڵێین مەعریفەی سیاسی و مەعریفەی هەستی دروست پتر بەلای فۆرمی هێماییدا دەچن، بەڵام مەعریفەی تەکنیکی پتر بەلای مەعریفەی گونجاودا دەچێت، تەنها لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا مەعریفەی تەکنیکی بە سیحرەوە گرێ دەدرێت.

دوا جار، دەبێت لە میانی جۆرەکانی مەعریفەو سیستمەکانیاندا، لە فۆرمەکانی مەعریفە بکۆڵینەوە، بۆیە لێرەدا هەمیشە بە دوای پەیوەندییە وەزیفییەکانی نێوان چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان و جۆرەکانی مەعریفەدا دەگەڕێین.

## بەشی سێیەم:

## سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە



## باسی یەکەم: ئیبن خەلدون و سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

### پێشەکی

بۆچی لە لێکچەرەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا ئیبن خەلدون دەخوێندرێت؟ بۆچی لە نێو ئەو ژمارە زۆرەی بیرمەندانی عەرەبی و ئیسلامیدا تەنیا ئیبن خەلدون دەهێنرێتە نێو باسەکانی سۆسیۆلۆژیاوە؟ چ شتێك وا لە ئیبن خەلدون دەکات لە نێو بابەتێکی زۆر تازەی وەکو سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا جێگەی ببێتەوە؟ گرنگترینی ئەو تێزو بۆچوونانەی ئیبن خەلدون چین کە پەیوەستن بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە؟ لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوەو ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێك لایەنی فیکری کۆمەڵایەتییانەی ئیبن خەلدون.

عەبدولرەحمان ئیبن خەلدون (1332 ز – 1406 ز) یەکەم بیرمەندی عەرەبە کە پێداویستیی بیرکردنەوەیەکی جیدیی لە بارەی دیاردەی مەعریفە لە کۆمەڵگەدا هێنایە ئاراوە.

ئەم زانایە، کە ئەمڕۆ بە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی دادەنرێت، لە کتێبە ناودارەکەیدا بە ناوی "موقەدیمە" کۆششێکی زۆری لە تیۆریزەکردنی مەعریفەدا پیشانداوە. پێشەکیی بەشی شەشەمی کتێبەکە ناوەرۆکێکی دەوڵەمەندی لەو بوارەدا هەیە.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## بایەخی ئیبن خەلدون

بیرۆکەی ئیبن خەلدون لە بواری مەعریفەو کۆمەڵگەدا پێدەچێت بابەتێکی سادە بێت، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگ بووە. نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە ئێمە باسی سەدەی چواردەیەمی زایینی دەکەین، واتە سەدەکانی ناوەڕاست سەبارەت بە ئەوروپاو قۆناغی پاشەکشەی مەدەنییەت لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، چونکە لە دوای نەمانی دەوڵەتی عەباسی و هاتنی مەغۆلەکان فیکری پێشکەوتووی عەرەبی — ئیسلامی لە جووڵە وەستا، دەتوانین بڵێین ئیبن خەلدون دوا بیرمەندی رەخنەگرو دوا بیرمەندی مێژووی عەرەبی بوو لەو سەردەمەدا کە بە تێڕوانینێکی پێشکەوتوو لە مەعریفە دواوە. لەو قۆناغەدا ئیبن خەلدون بیری عەرەبیی داگیرساند، هەوڵی دا لە نێو ئەو ئاژاوە کۆمەڵایەتییەی ئەوسادا کاروانی بیری نوێ رێکبخات، لێرەوە بیری ئەم زانایە رووەو ئایندە بوو.

هەوڵە فیکرییەکانی بەر لە ئیبن خەلدون، هەوڵێك بوون لە بارەی خودی مەعریفەوە دواون، واتە تەنها لە میانی مەعریفەوە هەوڵدراوە ئەو مەعریفەیە راڤە بکرێت و گۆڕانکارییەکانی بخرێتەڕوو. لەوێدا فیکر لە ئاراستەیەکی ئاسۆییدا قەتیس کرابوو، کێشەی ئەو فیکرە وەسفکاری بوو پتر لەوەی راڤەکاری بێت، بەڵام ئیبن خەلدون ئاراستەیەکی ستوونیی بە فیکر بەخشی، لە زانستێکی رووتەوە بەرەو مەعریفە هەنگاوی هاویشت، واتە فیکرو مەعریفەی لە کلێشە وشکەکانی فەلسەفەوە دەرهێنا تا بە



رەهەندەکانی کۆمەڵگاوە گرێیان بدات. لێرەدا بایەخی گەورەی ئیبن خەلدون لە بواری سۆسیۆلۆژیادا دەردەکەوێت.

ئیبن خەلدون پێیوابوو پەیوەندیی نێوان مەعریفەی زانستی و مەدەنییەت پەیوەندییەکی بابەتییە، بەم پێیە پەیوەندیی نێوان زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیش پەیوەندییەکی بابەتییە، جا بۆ ئەوەی لە پێشکەوتنی هەر زانستێك تێبگەین، دەبێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی —وەك گشتێك- تێبگەین. بەم شێوەیە ئیبن خەلدون پردێکی لە نێوان مەعریفەو کۆمەڵگەدا دروستکرد. پەیوەندیی نێوان مەعریفەو کۆمەڵ وەك دیواڵتێك : (مەعریفە/کۆمەڵگە)، بەر لە ئیبن خەلدون، بێبەهاو کەم بایەخ بوو.

## مەعریفە و کۆمەڵگەی شارستانی

لەگەڵ کتێبی موقەدیمەی ئیبن خەلدوندا هیچ زانستێك بە بێ کۆمەڵگە بوونی نییە، بەڵکو هەموو زانست و مەعریفەیەك بە کۆمەڵگەوە گرێدراوە. مەعریفە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە کۆمەڵگەی شارستانییەوە هەیە، هەرچەندە شار و شارستانییەت گەشە بکات، مەعریفەیش لەگەڵیدا گەشە دەکات و پێشدەکەوێت. شارستانییەتی شارە گەورەکان زەمینەیەکی گونجاو خۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆیە زانست و مەعریفە لە شارە گەورەکانی وەکو بەغدا و بەسرەو کوفەو قاهیرە سەرهەڵدەدات و پێشدەکەوێت، هەموو



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

شكست و داكەوتنێكیش لە رەوتی شارستانیدا ئاسەوارێكی خراپ لە بەرەو پێشچوونی مەعریفەدا جێدەهێڵێت. باشترین نموونە بۆ ئەو حاڵەتە، بە بۆچوونی ئیبن خەلدون، ولاتی ئەندەلوسە كە پاش ئەوەی عەرەب و موسڵمانان لەو ناوچەیەدا نەمان، مەعریفەو شارستانییەتیش پاشەكشەیان كرد.

**"ئەگەر كۆمەڵگە لە ناوەوەدا لە بزاوتێكی بەردەوام و لە پێشكەوتنێكی شارستانیدا بێت، زانست و مەعریفەش لە رەوتێكی پڕ لە داهێناندا پێشدەكەون"**، ئەم وتەیە، ئیبن خەلدون دەكات بە یەكەم بیرمەندی عەرەب كە تیۆرێكی گرنگی لە بارەی كۆمەڵناسی پێشكەش كرد لە میانی پەیوەندیی هاوجومگەیی نێوان بزاوتی كۆمەڵگە و بزاوتی مەعریفەدا. بۆچی؟ چونكە زانست و مەعریفە گوزارشت لە دینامیكییەتی كۆمەڵگە دەكەن و هەردوولایان رەنگدانەوەی یەكتریان لەسەر دەبێت، بەم پێیە مەعریفە دابڕاو نییە لە واقیعی كۆمەڵایەتی، بەڵكو مەعریفە كۆی بیروباوەڕ و مانا و بەها كۆمەڵایەتییەكان پێكدەهێنێت.

ئیبن خەلدون لە نوسینەكانیدا بە ئەندازەیەكی گەورە بایەخ بە كۆمەڵگە دەدات و پێیوایە كۆمەڵگە رەگەزێكی گرنگ و جوڵێنەری مەعریفەیە، لە بەرامبەر ئەمەدا مەعریفەش كاردانەوەی گونجاو یاخود نەگونجاوی لە بەرامبەر كۆمەڵگەدا دەبێت، بەڵام بە گشتی هەموو شارستانییەتێك بە زانست و مەعریفە قووڵ و دەوڵەمەند دەبێت و بە مەعریفە پێداویستییەكانی خۆی دابیندەكات.



لێرەدا ئیبن خەلدون وایدەبینێت كە پلەبەندییەك لە مەدەنییەت و شارستانییەتدا هەیە و بەو پێیە پلەبەندی لە مەعریفەشدا هەیە، بۆیە دەبینین مەعریفەی ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو جیاواز دەبێت لە مەعریفەی ژینگەیەكی دیكە، بۆ نموونە كۆمەڵگەی كۆچەری و هۆزو خێڵە سەرەتاییەكان بە شێوەیەكی ئاسایی مەعریفەیەكی دواكەوتوویان هەیە لەچاو كۆمەڵگە شارنشینەكان، واتە ئاستی مەعریفی لە پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكانی كۆچەرییەكاندا یەكسان نییە بە ئاستی مەعریفیی كۆمەڵگە مەدەنییەكان.

مەعریفە بەرهەمی شێوەیەكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراوەو هەڵقوڵاوی تایبەتمەندییەكانی ئەو كۆمەڵگایەیە، بەڵام ئەمیش كار لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دەكات و هەندێكجار بونیادەكانی ئەو كۆمەڵگایە دەگۆڕێت. بەكورتی: فۆرمی كۆمەڵایەتی كار لە مەعریفە دەكات و بە پێچەوانەشەوە مەعریفەش كار لە فۆرمی كۆمەڵایەتی دەكات (لێرەدا فۆرمی كۆمەڵایەتی لە دیدی ئیبن خەلدوندا یان كۆچەرییە یان شارستانی).

## بزاوتی كۆمەڵایەتی و بزاوتی مەعریفی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

ئیبن خەلدون لە باسی پەیوەندیی نێوان مەعریفە و واقیعدا، بە مانا فەلسەفیەکەی ناڕوانێتە فیکر و مەعریفە، بەڵکو بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی لێکیاندەداتەوە، بۆیە جەخت لە پەیوەندیی بابەتییانەی نێوان زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکات. ئیبن خەلدون دەڵێت بزاوتی زانست و مەعریفە بە شێوەیەکی راستەوانە لەگەڵ بزاوتی کۆمەڵگەدا هەنگاو دەنێت، لە شوێنێکدا پێشکەوتنی ژیاری هەبێت لەوێدا پێشکەوتنی مەعریفیش هەیە.

بەر لە ئیبن خەلدون هیچ بیرمەندێکی دیکەی عەرەب تێبینیی ئەوەی نەکردووە کە دینامیکییەتی گەشەکردنی زانست و مەعریفە پابەندە بە دینامیکییەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە. هەریەك لە واقیع و فیکر یاخود کۆمەڵگە و مەعریفە کار لە یەکدی دەکەن و دەکەونە ژێر کارتێکەریی یەکدییەوە، کە دەشێت ئەم بۆچوونە بەم شێوەیەی خوارەوە روون بکەینەوە:

فیکر (مەعریفە) ⇄ واقیع (کۆمەڵگە)

## فاکتەری مێژوویی

ئیبن خەلدون مەعریفەی بەستەوە بە فۆرمی کۆمەڵایەتییەوە و هەروەها بە رەوتی مێژووەوە، لێرەوە بایەخی گەورەی ئیبن خەلدون بۆ میتۆدی مێژوویی دەردەکەوێت. ستوونە گرنگەکانی مەعریفە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەیوەندییەکی پتەو و راستەوخۆیان بە شێوە جیاجیاکانی



کۆمەڵگەوە هەیە، سا ئەو کۆمەڵگەیە کۆچەری بێت یاخود شوانکاری یان کشتوکاڵی یان شارستانی. بۆیە دەبینین کۆمەڵگەی کۆچەری ناتوانێت زانست و مەعریفەیەکی پێشکەوتوو بەرهەم بهێنێت، چونکە سەرانسەری ژیانی ئەو چەشنە کۆمەڵگایە گەڕانە بە دوای بژێویی ژیاندا و کۆمەڵگایەکە جێگیر نییە، بە پێچەوانەی کۆمەڵگە شارنشینەکانەوە کە کۆمەڵگەیەکی جێگیرن و لە خۆشگوزەرانییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گونجاودا دەژین و دەتوانن زانست و مەعریفە بەرهەم بهێنن و گەشەی پێ بدەن، ئەمە بەو مانایە نییە کە لە کۆمەڵگە کۆچەرییەکاندا مەعریفە بوونی نییە، بەڵام مەعریفەیەك لەو کۆمەڵگایانەدا باوە کە ئاتاج و پێداویستییەکانی ئەو چەشنە ژیانە کۆچەریە دەیخولقێنێت. بۆ نموونە یەکێك لە بەها مەعریفییەکانی ژیانی کۆچەری بریتییە لە پیاوسالاری و جوامێری و هێز، لێرەدا مرۆڤی بێهێز و کەم توانا جێگەی لەو چەشنە کۆمەڵگەیەدا نابێتەوە، یان بە کەم تەماشا دەکرێت، بۆچی؟ چونکە کۆمەڵگەی کۆچەری بە حوکمی گەڕانی بەردەوامیان، پێویستیی بە پیاوی بەهێز هەیە، ئەم حاڵەتە هەڵگری بەهایەکی مەعریفیی دواکەوتووە کە بە چاوێکی نزم سەیری ژن و منداڵ دەکات.

## فاکتەری ئابووری



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

ئیبن خەلدون لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا بایەخێکی گەورە بە فاکتەری ئابووری دەدات، کە ئەم لایەنە بۆ ئەو کاتە دۆزینەوەیەکی پڕ بەها بووە، ئەو دان بەوەدا دەنێت کە رەگەزی ئابووری رەگەزێکی ئاکتیڤ و کاریگەرە لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و پێشخستنی مەعریفەدا، جیاوازی لە هۆیەکانی بەرهەمهێناندا دەبێتە مایەی جیاوازی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، بێگومان ئەمەیش دەبێتە هۆی جیاوازی لە سەرجەم لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەلایەتیدا وەکو دابونەریت و کەلەپوور و شێوەکانی دیکەی مەعریفەدا. بۆ نموونە دەبینین دابونەریت و مەعریفەی کۆچەرییەکان کە لەسەر ئاژەڵداری و لەوەڕ دەژین، جیاوازە لە دابونەریت و بیرکردنەوە و مەعریفەی ئەو کەسانەی لەسەر کشتوکاڵ دەژین و ئەمانیش جیاوازن لەو کەسانەی خەریکی کاروباری بازرگانین.

ئیبن خەلدون پێیوایە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی پێویستیی بە دەوڵەت و ئابوورییەکی بەهێز هەیە تا کاروبارەکانی کۆمەڵگە سیستماتیزە بکات، چونکە سیستمی هۆزگەرایی و خێڵەکی و کۆچەری بە کەڵکی ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیانە نایەت کە بە سەر کۆمەڵگەی بەشەریدا دێت، بەڵکو ئەمە پێویستیی بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە تا ژیانی خەڵکی رێکبخات و خۆشگوزەرانییان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی خەڵکیش زیاتر خەریکی مەسەلەکانی زانست و مەعریفە بن نەك سەرقاڵی گوزەرانی ژیان.



کەواتە دەوڵەت پەیوەندییەکی پتەوی بە مەسەلەی پێشکەوتنی زانستی و مەعریفییەوە هەیە، مادامەکی دەوڵەت ئەو شوێنگە گرنگە لە کاروانی زانست و مەعریفەدا داگیردەکات، کە هەم خۆی پێشدەکەوێت و هەم رۆڵی لە پێشخستنی مەعریفەشدا دەبێت، کەواتە ئەگەر ئەو دەوڵەتە لاواز بێت و پاشەکشە بکات، لەگەڵیدا زانست و مەعریفەش لاواز دەبن و پاشەکشە دەکەن. بێگومان لێرەدا ئیبن خەلدون مەبەستی لە دەوڵەت دەوڵەتێکی شارستانییە کە سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی تیادا بەرقەرار دەبێت و دەتوانێت گەشە بە پیشەسازی و مەعریفە بدات.

بە پێی بۆچوونی ئیبن خەلدون، کۆبوونەوەی خەڵکی لە کۆمەڵگەداو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە مایەی بەدیهێنانی ئاوەدانی "عیمران" و ئەمەیش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەت و بنیاتنانی شارستانییەت، کە لەوێدا زانست و پیشەسازی و مەعریفە پەرەدەسێنن، ئەم پەرەسەندنەش کار لە شارستانییەت و دەوڵەت و ئاوەدانی و کۆمەڵگە دەکات و دەوڵەمەندیان دەکات. دەشێت ئەم بۆچوونە بەم شێوەیەی خوارەوە روون بکەینەوە:

کۆبوونەوە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ← ئاوەدانی ←

دەوڵەت ← شارستانی ⇄ زانست و پیشەسازی و مەعریفە



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## باسی دووەم:

## میشال دی مۆنتێن (1533-1592)

## هوشیاری و نەریت

له نیوەی دووەمی سەدەی شانزەدا، بیریاری فەرەنسی میشال دی مۆنتێن، کتێبێك به ناوی "کۆششەکان" دەنووسێت، ئەم کتێبە، لە پاش "موقەدیمە"ی ئیبن خەلدون، بە کتێبێکی گرنگ وەسفدەکرێت بەو پێیەی بنەماکانی مەعریفە دەبەستێتەوە بە هوشیاریی کۆمەلآیەتیەوە.

له راستیدا مۆنتێن بیریارێکی هیومانیست بوو، خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی بۆ کێشەو گرفت و دیاردە کۆمەلآیەتییەکان هەبوو، زیاتر پشتی بە ئاسەوارە فکرییەکانی یۆنان و رۆمان بەستبوو، بەلآم لە شیکردنەوە کۆمەلآیەتییەکانیدا لە خولگەی بیری ئەوان دەردەچێت و پرۆژەکەی خۆی بە واقیعی کۆمەلآیەتیی ئەوسای فەرەنساوە دەبەستێتەوە. پیشەی دادوەری بۆ مۆنتێن کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ پرۆسەی کردووە، هاندەرێکی گەورە بووە تا شێوازێکی جیاواز لە تێڕوانینی فەلسەفی دیاردە کۆمەلآیەتییەکان بگرێتە بەر کە بە شێوازی (شیکردنەوەی فەلسەفی- کۆمەلآیەتی) جیادەکرێتەوە، چونکە پیشەی دادوەری (قازی) وا لەو کەسە دەکات لە کێشەو گرفت و دژایەتییەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی وردبێتەوە.

مۆنتێن لە سەرەتای کتێبەکەیدا "کۆششەکان" پرسیارێکی گرنگ دەخاتەڕوو لە بارەی سەرچاوەکانی هوشیاری لەلای مرۆڤ، واتە سەرچاوەی



مەعریفەی مرۆڤایەتی دەبێتە ئەو خاڵەی کە لێیەوە بە دوایدا دەچێت و دەیەوێت پەیوەندییەکانی نێوان مەعریفەی مرۆڤ و ژیانی کۆمەلآیەتی بدۆزێتەوە، دواجار دەگاتە دەرەنجامێك لەم رستەیەدا کورت دەبێتەوە: (هوشیاریی مرۆڤ لە بنەڕەتدا هوشیارییەکی کۆمەلآیەتییە)، ئەم بیرۆکەیە دەکات بە پرەنسیپێکی گشتی لە نووسینەکانیدا، ئەگەرچی مۆنتێن هوشیاری مرۆڤ بە واقیعی کۆمەلآیەتییەوە گرێ دەدات و پێیوایە مەعریفە بەرهەمی کۆمەڵگەیەو لە دایکبووی هەلومەرجی تایبەتیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، بەلآم بە گشتی مەعریفەی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە دابونەریتەکان، لەم بارەیەوە دەڵێت: "یاساکانی هوشیاری لە نەریتەکانەوە لە دایکدەبن نەك لە سروشتەوە، هەر تاکێك لە ئێمە لە ناوەوەدا رێز لەو بۆچوون و نەریتانە دەگرێت کە لە دەوروبەری ئێمەدا هەن و پەسەندکراون، ئێمە ناتوانین نەریتەکان تێپەڕێنین، بگرە بە شێوەیەکی توند پێیەوە بەستراوین. ئەگەر سنوری ئەو نەریتانە پێشێل بکەین ئەوسا لە ناخی خۆماندا هەست بە ناڕەحەتی و ئازارێکی ویژدانی دەکەین". کەواتە یاساکانی هوشیاری، بە پێی مۆنتێن، بریتییە لە کۆی ئەو نیشانەو ئاماژانەی کە تاکەکەس لە دابونەریتی کۆمەڵگەکەی خۆیەوە وەریدەگرێت.

مۆنتێن لەم بۆچوونەیدا خاڵێکی گرنگ دەوروژێنێت کاتێك هوشیاریی مرۆڤ بە هوشیاریی کۆمەڵگەکەیەوە دەبەستێتەوە، هوشیاریی مرۆڤ لە تێڕوانینی ئەودا لە ئاوێنەیەك دەچێت رووداوەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی تیادا رەنگدەداتەوە، بەلآم ئەگەر بشێت بڵێین خاڵی نێگەتیڤ لە مۆنتێندا



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

ئەوەیە کە لە شیکردنەوەکانیدا لە ئاستی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوەستێت، بەهایەکی گەورەیان پێدەبەخشێت، کە ئەمەش بە پێی لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژیی نوێ، دەبێتە رێگر لە بەردەم هوشیاریی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چونکە لە دیدی مۆنتێندا هوشیاری ملکەچی یاساکانی دابونەریتی کۆمەڵایەتییە، کە لە نەوە کۆنەکانەوە بۆ نەوە تازەکان دەگوێزرێتەوە، مۆنتێن دەڵێت: "نابێت هیچ یەکێك لەو یاسایانە بگۆڕین کە لە نەوەکانی پێش خۆمانەوە بۆمان ماوەتەوە". لێرەدا مۆنتێن لەگەڵ گۆڕانکاری و نوێگەریدا نییە، نوێگەری و مۆدێرنە بە مەترسییەك دەزانێت بۆ سیستمی کۆمەڵایەتیی باو و بۆ سیستمی سیاسی. بۆیە دەبێت هوشیاری لەگەڵ نەریتدا خۆی بگونجێنێت. پاساوی مۆنتێن بۆ ئەم بۆچوونەی ئەوەیە کە پێیوایە ئەو فیکرو نەریتانەی لە رابردوودا بەرهەمهاتوون پتەوترن و شایستەی پەیڕەوکردنن، چونکە نەریتە کۆنەکان بەرهەمی ئەزموونی چەندینساڵەی وەچەکانی پێش ئێمەن. لێرەدا ئەو نەریتانە دەبن بە کۆمەڵێك سیستمی کۆمەڵایەتیی و جێگیر کە هێزێك پەیدا دەکەن سەرانسەری کۆمەڵگەو تاکەکان ئاراستە دەکەن، مۆنتێن لە بەخشینی بەهایەکی پیرۆز بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەو رێگریانە نابینێت کە دەشێت ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەرەو پاشەوە ببات، ئەگەر تا ئەندازەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مۆنتێندا بین کە دەڵێت هۆشیاریی مرۆڤ لە نەریتەکانەوە شکڵ دەگرێت، بەڵام نابێت لێرەدا بوەستین، نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە تاکەکەس لە دواییدا لە رێگەی ئەزموون و کاریگەری و کارلێکەوە دەگۆڕێت و لەو نەریتانە دەردەچێت. لێرەدا مۆنتێن دوو دیوی



ناکۆکی لە تێزەکانیدا خستۆتەڕوو: دیوێکی کۆنەخوازو نەریتپارێز کە دژی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە، دیوێکی پۆزەتیڤیست کە پێیوایە دەبێت مرۆڤ باوەڕ بەو شتانە بهێنێت کە هەن نەك ئەو شتانەی کە پێویستە لە ئایندەدا هەبن.

ئەمە بە پێچەوانەی ئیبن خەلدون کە دوو سەدە بەر لە مۆنتێن تێزێکی زۆر پێشکەوتووی خستۆتەڕوو کاتێك پێشکەوتنی مەعریفی دەبەستێتەوە بە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییەوە، واتە بۆچوونەکانی ئیبن خەلدون پێشکەوتووترن لە بۆچوونەکانی مۆنتێن.

## بەشی چوارەم:



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## گرنگترین کۆمەڵناسانی بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

لێرەدا ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵناس و بیریار هەن باس لە پەیوەندیی مەعریفەو کۆمەڵگا دەکەن، بەڵام ئێمە تەنها لەسەر هەندێکیان دەوەستین و لەو کۆمەڵناسانە دەدوێین کە رۆڵێکی بەرجەستەتریان لە مەعریفەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لەوانەیە دەستنیشانکردنی ئەو کۆمەڵناس و فەیلەسوفانەی خوارەوە بتوانێت تا ئەندازەیەك ئەو بابەتەمان لەلا روون بکاتەوە:

## کارل مارکس (1818-1883)

وتە بەناوبانگەکەی مارکس کە دەڵێت: "بوونی کۆمەڵایەتی هوشیاریی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات نەك بە پێچەوانەوە"، هەروەها: "مرۆڤەکان مێژووی خۆیان دروستدەکەن، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان نا، بەڵکو بەو شێوەیەی کە واقیعی کۆمەڵایەتیی و ئابووری دەیخوازێت"، هەروەها دەڵێت: "لەناوچوونی بیرە کۆنەکان هاوکاتە لەگەڵ ناوچوونی بارودۆخە کۆنەکان"، لێرەدا مارکس بە روونی بە دوای پەیوەندیی نێوان مەعریفەو کۆمەڵگەدا دەگەڕێت، وایدەبینێت بوونی چینە جیاوازو ناکۆکەکان و پاشان ململانێی چینایەتی، دەبنە سەرچاوەی پێشکەوتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاگایی مرۆڤەکان.



مارکس پێیوایە مەعریفە بریتییە لەو واقیعە دەرەکییەی دەوری ئینسانی داوە کە دواتر هەست و بۆچوون و چەمکەکانی لەلا دروستدەکات. بابەتێتی جیهان یان مادییەتی جیهان دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ مەعریفەی مرۆڤایەتی، واتە بوونی کۆمەڵایەتی مەعریفەی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات، بە پێچەوانەی ئایدیالیستەکان کە دەڵێن هوشیاریی کۆمەڵایەتیی، یان ئاگایی، سەرچاوەی مەعریفەیە. پراکتیك و ئەزموون بنەمای مەعریفەن، چونکە ئەمە بریتییە لە چالاکیی مرۆڤەکان لە گۆڕانکاریی سروشت و کۆمەڵگادا.

## لوسیان لیڤی برۆهێل (1857-1939)

سۆسیۆلۆژیست و ئەنترۆپۆلۆژیستی فەرەنسی لوسیان لیڤی برۆهێل، لەساڵی 1910دا کتێبێك دەنووسێت بەناونیشانی (کارفەرمانە زەینییەکانی کۆمەڵگە نزمەکان) و لەو کتێبەدا تێڕوانینێکی جیاواز لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا دەخاتەڕوو، ئەم کتێبە مشتومڕێکی زۆر لە ناوەندی فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆژیی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانیدا دەورووژێنێت.

تێزی سەرەکیی برۆهێل بریتییە لە رەخنەگرتن لەو بیرۆکەیەی لە ئەورووپاو خۆرئاوادا داکۆکیی لێدەکرێت، بیرۆکەیەك بۆ ماوەی سێ سەدە باس لە گشتێتی فیکرو هەستەکانی مرۆڤ دەکات، لێرەدا وەزیفەی زیهنی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، هەمان وەزیفەیە، بەڵام برۆهێل ئەو بۆچوونەی پێ قبوڵ نییەو رەخنەی لێدەگرێت.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

برۆهێل پاش ئەوەی بەرهەمی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی خوێندەوەو پاش ئەوەی گەشتێکی دوورو درێژی بۆ چەندین وڵاتی جیاجیا کرد (چین و ژاپۆن و فلیپین و گاوا و بەرازیل و پاراگوای و پۆلیڤیا و بیرۆ و چیلی و ئەرجەنتین و تونس و فەلەستین و سوریا و میسر)، باوەڕی بەوە هێنا کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان سروشتی وەزیفە زەینییەکانی تاك لە کۆمەڵگەی سەرەتایی و کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا، بۆی دەرکەوت وەزیفەی زیهنی لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا یەکسان نییە بە وەزیفەی زیهنی لە کۆمەڵگەی پێشکەوتودا، هەروەها لە هەستەکان و لە هێزی ئەقڵیشدا یەکسان نین.

برۆهێل لە تێزەکەیدا، کە پتر تێزێکی پۆزەتیڤیستییە، پێیوایە دابڕانێکی ئیپستیمۆلۆژی هەیە لە نێوان زەینییەتی سەرەتایی (واتە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان) و زەینییەتی پێشکەوتوو (واتە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و خۆرئاوا)، مومکین نییە ئەم دوو زەینییەتە بەیەك بگەن، یان زەینی دواکەوتوو بگاتە ئاستی زەینی خۆرئاوایی، چونکە هەریەك لەمانە سروشتی جیاوازو تایبەتی خۆی هەیە، واتە برۆهێل هۆکاری دواکەوتوویی زەینییەتی سەرەتایی دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی ناوەکیی ئەو زەینییەتە خۆی، نەك بۆ هۆکاری دەرەکی، واتە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان خۆیان بە سروشتی خۆیان دواکەوتوون و ناتوانن بگەنە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان. برۆهێل دەڵێت: (گشتێتی بیر و هەستەکان لەلای مرۆڤ، دیدێکی زانستی نییە)، لێرەوە برۆهێل باسی (کۆمەڵگە بڵندەکان) و (کۆمەڵگە نزمەکان) دەکات، کۆمەڵگەی یەکەم بریتین لە کۆمەڵگە پیشەسازییە گەورەکان، کۆمەڵگەی دووەمیش ئەو



کۆمەڵگایانەن کە هێشتا نووسین و پیشەسازییان نەناسیوە. کۆمەڵگەکانی یەکەم ناو دەنێت (کۆمەڵگەی پێش لۆجیك) و ئەوانەی دووەمیش ناو دەنێت (کۆمەڵگەی لۆجیکی)، لێرەوە زەینی ئینسانیش دابەشدەکات بۆ زەینییەتی پێش لۆجیکی و زەینییەتی لۆجیکی.

هەندێك لە توێژەران رەخنە لە برۆهێل دەگرن و پێیانوایە ئەم دیدە پتر لە سێنترالیزمی ئەورووپییەوە نزیکەو بگرە دیدێکی رەگەزپەرستانەیە کە وایدەبینێت رەگەزی ئەورووپی لە سەرووی رەگەزەکانی دیکەی مرۆڤەوەیە.

## ئیمیل دۆرکهایم Emile Durkheim (1917-1858)

ئەرکی سۆسیۆلۆژیا، لە دیدی دۆرکهایمدا، بریتی نییە لە لێکۆڵینەوە لە تاکەکەس، بەڵکو بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو راستییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە دوو سنعەتدا جیادەکرێنەوە.

1-راستییە کۆمەڵایەتییەکان شتگەلێکی دەرەکین سەبارەت بە تاکەکەس.

2-ئەو راستییانە رۆڵێکی گەورە دەبینن لە سەپاندنی کۆت بەسەر سلوکی تاکەکەسدا.

هەمیشە سلوکی تاکەکەس کاریگەر دەبێت بە کارکردی رەوتی (جەمعی).



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

-دۆرکهایم لە بنەڕەتدا رەخنە لە تیۆرەکانی لوسیان لیڤی برۆهێل (کە کەسێکی پۆزەتیڤیستە) دەگرێت بە بێئەوەی ناوی بهێنێت.

برۆهێل لە ساڵی 1910 کتێبێك (وەزیفە زەینییەکانی کۆمەڵگە نزمەکان) دەنووسێت، برۆهێڵ پێیوایە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مەعریفەی سەرەتایی (پێش لۆجیکی) و مەعریفەی شارستانی مۆدێرن (لۆجیکی)دا هەیە. زەینی سەرەتایی (پێش لۆجیکی) لە رووی فەرمان و چالاکی و لۆجیکیەوە تەواو جیاوازە لە زەینی پۆزەتیڤیستی مۆدێرن، چونکە زەینی پۆزەتیڤیستی درێژبوونەوەی زەینی سەرەتایی نییە، بەڵکو دابڕانێکی ئیپستیمۆلۆژی لە نێوانیاندا هەیە، زەینییەتی سەرەتایی تا رادەیەکی زۆر زەینییەتێکی نالۆجیکییە، بۆیە لە زەینیەتی سەرەتاییدا مەعریفەی کۆمەڵایەتی ئاراستەیەکی ئاسۆیی وەردەگرێت نەك ستوونی.

دۆرکهایم لە ساڵی 1912 کتێبێکی نووسی بە ناوی (بنەماکانی ژیانی ئایینی) –اصول الحياة الدينية–، لەوێدا باس لە گرنگیی مەعریفەی رۆحانی و دەستەجەمعی سەرەتایی دەکات. دۆرکهایم وایدەبینێت رەگەکانی مەعریفە لە ئاییندایە، ئایین بیری مرۆڤایەتیی دەوڵەمەند کردووە، هەروەها ئایین لە جەوهەردا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

وەك پێویستییەکی گرنگی گەشەکردنی فەلسەفەو زانست، دۆرکهایم پێیوایە ئینسان لە رێگای سرووتە ئایینی و رۆحانیەکانەوە گەشەی بە مەعریفەی خۆیداوە، چونکە هەموو چەمکە فکری و زانستە قوڵەکان



سەرەتا گریمانەی ئاینی و رۆحانی بوون، کە پاشان گەشەیان کردووەو لە بوارەکانی فەلسەفەو زانستدا شیکراونەتەوە.

دۆرکهایم پێمان دەڵێت بیری ئاینی سەرچاوەی هەموو بیرێکی مرۆییەو مرۆڤ لە گێرەشێوێنییەوە دەگوازێتەوە بۆ ئارامی.

دۆرکهایم رەخنە لەو دژایەتیکردنە لە ئاین دەگرێت و رەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە دەڵێن ئاین رێگرە لە بەردەم کرانەوەدا، دەبینین هەر دیدێکی زانستی یان فەلسەفی رەگێکی لەناو ئایندا هەیە، بەڵام دۆرکهایم داکۆکی لە ئاین ناکات وەك هەڤپەیڤینێکی رەها، بەڵکو وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی داکۆکی لێدەکات.

## کارل مانهایم Karl Manheim (1947-1893)

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بایەخێکی گەورە بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە درا، ئەم بایەخپێدانەیش لە بنەڕەتدا لە ئاستی تیۆریدا بوو، چونکە ئەم زانستە نوێیە تا ئەو ساتەوەختە تیۆریزەی بۆ نەکرابوو و میتۆدێکی دیاریکراوی نەبوو.

کارل مانهایم هەوڵی دا لە میانی کتێبەکەیدا بە ناوی "چەند توێژینەوەیەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە" (کە لە ساڵی 1952 چاپ کرا) بنچینە تیۆرییەکانی ئەم زانستە دابڕێژێت، کەواتە ئەم کتێبەی مانهایم بە بەردی بناغەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دادەنرێت.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

رووبەری ئەم زانستە، بە بۆچوونی مانهایم، بریتییە لە سەرجەمی بیری مرۆڤایەتی، واتە هەموو ئەو سیستمە فیکرییانەش دەگرێتەوە کە بە درێژایی مێژوو گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

کەرەستەو زاراوەو چەمکەکانی ئەم زانستە هەمان ئەو چەمك و زاراوانەن کە لە کۆمەڵناسیدا بەکاردەهێنرێن، چونکە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت بچێتە ناو کرۆکی بیرەکانەوەو پابەندیان بکات بە واقیعە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان، کە لێرەدا بیرو واقیع (واتە مەعریفەو کۆمەڵگە) هەمیشە لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پتەودا کاریان لە یەکدی کردووە. مانهایم بە ئەندازەیەکی گەورە هەوڵدەدات فیکر بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدات، لەمەشدا جەخت لە پەیوەندیی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە مێژووەوە دەکات، بۆچی؟ چونکە بیری مرۆڤایەتی لە میانی کایەی مێژوودا زیاتر دەرکی پێدەکرێت. هەموو فیکرێکیش مێژووی خۆی هەیە.

کارل مانهایم چوار خاڵی گرنگ لە سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا دەسنیشان دەکات:

**1-جێهێشتنی بیروباوەڕی ڕێژەگەرایی ئایدیالیزم.**
**2-سەرهەڵدانی ڕەوتی ئەقڵانی لە تەك فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا.**
**3-گۆڕانێکی ڕەگوڕیشەیی لە سیستمی بەها باوەکاندا.**
**4-بیری ڕێژەگەرایی (هەموو شتێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێژەییە).**



لە خاڵی یەکەمدا: مانهایم دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تیۆری ڕێژەگەرایی ئەنیشتاینەوەو ئەو تیۆرە لە زانستە وردەکان و لە زانستی گەردوونەوە دەهێنێتە ناو زانستی کۆمەڵگاوە، کەواتە مەعریفەی کۆمەڵایەتی مەعریفەیەکی ڕێژەییە، واتە مەعریفە هەم لەلایەنی تیۆری و هەم لە لایەنی پراکتیکدا مەعریفەیەکی ڕەها نییە. دواجار مانهایم دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە ڕێژەگەرایی ڕەگەزێکی گرنگی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەیە، سا ئەگەر سەرجەمی چەمك و بیروباوەڕەکان لە چوارچێوەی بیری ئایدیالیزمدا بمانایەتەوەو لەگەڵ بیری ئاینیدا هاوتەریب بوونایە، ئەوسا نەماندەتوانی بیر لە دۆزینەوەی زانستی تازە بکەینەوە، ئەو زانستەی کە لە بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی بیری مرۆڤایەتی وردبێتەوە.

**(هیچ فیکرو فەلسەفەو ئاینێك لە سەداسەد ڕاست نییەو لە سەدا سەدیش هەڵە نییە)**، ئەمەیە بیرۆکەی ڕێژەگەرایی، هەموو بیرێك ڕاست بێت یان هەڵە، لە ڕێژەگەراییەکەیدا ڕاستی و هەڵەیی دەردەکەوێت نەك لە شێوە ڕەهاکەیدا.

لە خالی دووەمدا: بە ڕای مانهایم، ڕەوتی ئەقڵانی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەدا، (جان جاك ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆو هێردرو شیللەرو گۆتە لە ئەوروپادا)، ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا دەبینێت، ئەم ڕەوتە لە دواییدا دەبێتە دەروازەیەکی تیۆری بۆ چەمکی ڕێژەگەرایی کۆمەڵایەتی، چونکە فەلسەفەی ڕۆشنگەری هوشیارییەکی تازەی هێنایە ئاراوە جیاواز لەو هوشیارییەی تا ئەو ساتەوەختە باو و بڵاو بوو، هوشیاریی پێشوو



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

هوشیاریی سەدەکانی ناوەڕاست بوو کە بە بیروباوەڕی ئایینی و مۆرکی ئاینی رەنگڕێژ کرابوو، پاشخانی هەموو بیرکردنەوەیەکیش پاشخانێکی ئاینی بوو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی رۆشنگەری و مەیلی ئەقڵانیدا، ئەو پاشخانە ئاینییە پاشەکشەی کردو ئەقڵ بوو بە پێوەر بۆ سەرجەمی زانستەکان و بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی.

رۆشنگەری بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو کۆمەڵە تێڕوانینە فەلسەفی و فیکری و مەعریفیانەی لەلایەن کۆمەڵێك فەیلەسوفەوە لە سەدەی حەڤدەو هەژدەدا نیشان دراون. لە نێوان شۆڕشی ئینگلیزی 1688 و شۆڕشی فەرەنسی 1789 هاتوونەتە کایەوە، بەڵام کۆتاییەکەی لە فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت-دایە.

دەشێت بە شێوەیەکی گشتی دیدو بۆچوونەکانی رۆشنگەری بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

1-مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە، دەبێت بەهایەکی ئەقڵانی بە سەر کۆمەڵگاو مرۆڤ و دیاردەکاندا پیادە بکرێت (مرۆڤی عەقڵی خۆی بە سەربەخۆیی و بەبێ فەرمانی یەکێکی دی بەکاردەهێنێت).

2-ئەقڵ سەرچاوەی هەموو راستییەکەو لە دەرەوەی ئەقڵدا هیچی راستییەك بوونی نییە.

3-عەقڵ شتێکی گەردوونییە، بۆیە دەشێت لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گەردوونییەدا، هەموو جیهان ببێت بە یەك و مرۆڤ وەکو هاوولاتییەکی جیهانی سەیر بکرێت.

4-مێژوو لە جوڵانەوەیەکی بەرەوپێشچوون بەردەوامدایە.



5-جیهان لەناو ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەدا، بە هۆی پێشکەوتنی عەقڵی و زانستی، دەبێت بە نیشتمانی هەموو هاوڵاتییەك کە ئیتر ئاشتییەکی سەرتاسەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین دەبێت. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە ژمارە ( 58 )ی گۆڤاری (سەردەم) ساڵی 2009 کە فایلێکی تایبەتی لەبارەی رۆشنگەری لە خۆدەگرێت.

خاڵی سێیەم: بەندە بە ململانێی ئابووریی چینە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی کەرەستەکانی بەرهەمهێناندا، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هات، لەوێشەوە سیستەمی بیرکردنەوەی کۆن وردە وردە کاڵ بۆوەو سیستمێکی ئەقڵانیی نوێ شوێنی گرتەوە کە هەموو بەها کۆنەکانی خستە ژێر پرسیارو گومانەوە. ئەمەش بووە مایەی بەرجەستەکردنێکی گەورەتری رێژەگەرایی کۆمەڵایەتی.

بایەخدان بە فاکتەری ئابووری وەك رەگەزێکی چالاکی بواری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، دەرەنجامی فەلسەفەی رۆشنگەری بوو، چونکە مەسەلە ئابوورییەکان پەیوەندییەکی ئاکتیڤ و راستەوخۆیان بە بزاوتی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵگاوە هەیە.

لە خاڵی چوارەمیشدا رێژەگەرایی کۆمەڵایەتی ئاراستەیەکی سەرجەمگیرو گشتگیر لەخۆ دەگرێت و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە لە خۆدەگرێت.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## کارل مانهایم و ڕێژەگەرایی مەعریفە

فیکر بە گشتی ڕێژەییە نەك تەنها هەندێك لە دەرکەوتەو گوزارشتەکانی، چونکە فیکر پابەندە بە مرۆڤ و کۆمەڵگاوە، هەرچەند فیکر لە واقیعی کۆمەڵایەتی دووربکەوێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لێی دابڕێت. مادامەکی فیکر ڕێژەییە، کەواتە سەرجەمی فیکرەکان پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیەو یەکتر تەواو دەکەن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەستەکییەی لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا هەیە.

"مەعریفە ڕێژەییە"، ئەم وتەیە پوختەی تیۆری ڕێژەگەراییە کە کارل مانهایم بە بناغەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی دادەنێت. دواجار مانهایم دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە هەموو فیکرێك یان (یۆتۆپی)یە یان (ئایدیۆلۆژی)یە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی مێژوویی سەردەم و هەروەها بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان.

فیکری یۆتۆپی هەوڵدەدات ئایندە بەدەست بێنێت و گۆڕانکاری ئەنجام بدات، بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەو بیرەیە کە دەیەوێت هەلومەرجی ئێستا وەکو خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، (بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەیەم لە ئەوروپادا، لیبرالیزم فیکرێکی یۆتۆپی بوو، پاشان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بوو بە ئایدیۆلۆژیا).



دەتوانین بڵێین فیکری یۆتۆپی فیکری ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خراپدا دەژین و دەخوازن ئەو هەلومەرجە بەرەو باشتر بگۆڕن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا فیکری چینی دەسەڵاتدارو چینە باڵاکانە کە نایانەوێت هیچ شتێك بگۆڕێت و بگرە دەیانەوێت دەسەڵاتی ئابووری هەر لەژێر دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە.

ئەگەر ئایدیۆلۆژیا واقیع بپارێزێت و وەکو خۆی بیهێڵێتەوە، ئەوا یۆتۆپیا واقیع دەخاتە بەردەم گومان و پرسیارکردنەوە، یۆتۆپیا پرۆسیسەکردنی خەیاڵە لە پێناو بیرکردنەوە بە شێوەیەکی پێچەوانە، واتە پێچەوانەی ئاراستەی بوونی کۆمەڵایەتی.

## پیتەر بێرگەر (1929-....)

پیتەر بێرگەر زانایەکی کۆمەڵناسیی ئەمریکیی بەڕەچەڵەك نەمساوییە، ڕۆڵێکی گرنگی لە بایەخدان بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە زانکۆکاندا هەبووە، بە تایبەتی لە ڕێگەی نووسین و کتێبەکانی لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە، کە لەوانەیە گرنگترین کتێبی ئەم زانایە بریتی بێت لە کتێبی(بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع- لێکۆڵینەوەیەك لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە) کە لەگەڵ تۆماس لۆکمان لەساڵی 1967دا پێکەوە نووسیویانەو چاپیان کردووە.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

پیتەر بێرگەر لە تەك سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا، بایەخی بە سۆسیۆلۆژیای زمانیش داوەو پێیوایە زمان بەشێكی گرنگە لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، هەروەك بایەخێكی بەرچاو و گەورەتری داوە بە سۆسیۆلۆژیای ئایین، وایدەبینێت مەحاڵە بەبێ سۆسیۆلۆژیای ئایین باس لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بكرێت.

لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا دوو زاراوەی سەرەكی هەن كە بریتین لە: واقیع reality و زانین یان مەعریفە knowledge ، كە ئەم دوو زاراوەیە مێژوویەكی درێژیان لە بەكارهێنان و چەمكدا هەیە، دەتوانین بڵێین واقیع سیفەتێكە پەیوەستە بەو دیاردانەی لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەدان و ئێمە دەركیان پێدەكەین و دەیان ناسین، مەعریفەش بریتییە لە جەختكردن لەوەی كە دیاردەكان واقیعین و سیمای دیاریكراویان هەیە. تێگەیشتنی كۆمەڵایەتی لە واقیع و مەعریفە، لە نێوان كەسێكی ئاسایی و زانایەكی بواری فەلسەفی و كۆمەڵناسیدا، جیاوازە، كەسی ئاسایی سەبارەت بە واقیع و زانینەكانی خۆی دڵنیایەو و هەست بە دروستیی زانین و واقیعی خۆی دەكات، بەڵام فەیلەسوف و زانای كۆمەڵناسی لە جیاوازیی كۆمەڵگاكان ورد دەبێتەوەو لەوێوە جیاوازیی واقیع و مەعریفەكان بە پێی جیاوازیی كۆمەڵگاكان دەردەخات.

پیتەر بێرگەر وایدەبینێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بایەخ بە پەیوەندیی نێوان بیری ئینسانی و كۆنتێكستی(سیاقی) كۆمەڵایەتی دەدات، بۆیە دەشێت بوترێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە تیشكۆیەكی كۆمەڵایەتییە بۆ پەیوەندیی فیكرو واقیع، بەتەنها بیر لە فاكتەرە كۆمەڵایەتییەكان



ناكاتەوە، بەڵكو دەچێتە سەر چەندین فاكتەری دیش، وەك فاكتەری مێژوویی و فاكتەری سایكۆلۆژی و فاكتەری بایۆلۆژی.

پیتەر بێرگەر دەڵێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەشێكە لە كایەی ئەزمونكاریی سۆسیۆلۆژیای گشتی، واتە سۆسیۆلۆژیا لە جێهێشتنی تیۆرەكان و هێنانەوەی نموونەكان لە پراكتیكدا، پشت بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبەستێت، پرۆژەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پرۆژەیەكە بۆ پراكتیك كردنی تیۆرە كۆمەڵایەتییەكان، نەك بۆ میتۆدی كۆمەڵایەتی. بۆیە دەبێت —وەك پیتەر بێرگەر دەڵێت- سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە پلەی یەكەم بایەخ بە مەعریفە (زانین)ی خەڵكی بدات لە چوارچێوەی واقیعی ژیانی رۆژانەیاندا، نەك ژیانی تیۆرییان، واتە دەبێت لێرەدا مەعریفە بریتی بێت لە زانینی باو، نەك لە بیرەكان. واتە بایەخ بە بونیادی كۆمەڵایەتیی واقیع بدات و شیكردنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بۆ ئەم زانین و مەعریفەیە بكات.

## جۆرج گۆرڤیچ (1894-1967)

تێزی سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی جۆرج گۆرڤیچ، لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا، لە بنەڕەتدا، بریتییە لە پەیوەندیی وەزیفیی نێوان واقیعی كۆمەڵایەتی و مەعریفە. هەموو فیكرو مەعریفەیەك، هەرچەندە تەجریدی و بچووك بێت، هەمیشە پەیوەندییەكی ئۆرگانیی بە واقیعی كۆمەڵایەتییەوە هەیە.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

گۆرڤیچ سەرجەمی بۆچوونەکانی لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا لە دوو کتێبدا دارشتووە:

1-دیالێکتیك و کۆمەڵناسی-ساڵی 1962

2-چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی مەعریفە-ساڵی 1966

گۆرڤیچ وایدەبینێت کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو زانستیە مرۆڤایەتیەکان زیاتر پێویستی بە میتۆدی دیالێکتیك هەیە، بەڵام نەك ئەو دیالێکتیکەی کە پەیوەستە بە فەلسەفەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەو میتۆدەی کە پابەند نییە بە هیچ فیکرێکی پێشوەخت و بە هیچ باوەرێکی دیاریکراو، دەبێت شیکردنەوە هەمیشە کراوەو قوڵ و بەرفراوان بێت، هەمیشە وەڵامەکان لە شێوەی پرسیاردا دەخاتەروو، بۆچی؟ چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی لە جوڵانەوەیەکی بەردەوامدایەو ئەو جوڵانەوەیەش هاوشانە لەگەڵ جوڵانەوەی مەعریفی.

گۆرڤیچ لە سێ خاڵدا بنەماکانی میتۆدی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دیاریدەکات:

1-سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ئیلتیزام بە سنورەکانی خۆی دەکات، واتە دەیەوێت کاریگەری فیکرو مەعریفەو هێماکان، لە پەیوەستیاندا بە کۆمەڵگاوە، بزانێت، بە بێئەوەی راستی و بەهاکانیان دەربخات، چونکە توێژەر بۆی نییە حوکم بەسەر ئەو فیکرو هێمایانەدا بدات.

2-ئەرکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بریتییە لە کەشفکردنی پەیوەندییە وەزیفییەکانی نێوان مەعریفەو واقیعی کۆمەڵایەتی، نابێت بریار لە دروستی یان نادروستیی ناوەرۆکی ئەو مەعریفەیە بدات. کە



لێرەدا گۆرڤیچ لە تیۆری مارکسیزم دووردەکەوێتەوە کە دەیەوێت لە پشتی سیستمە مەعریفییەکانەوە سیاسەت و چینەکان کەشف بکات و دژایەتییان بکات.

3-هەموو مەعریفەیەك لە ناو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا دەجوڵێتەوە، واتە مەعریفەی پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی، لە مەعریفەی پێکهاتێکی کۆمەڵایەتیی دیکەی جیاواز ناچێت.

لێرەدا گۆرڤیچ رێژەگەرایی کۆمەڵایەتیی بەسەر سیستمی مەعریفیدا پراکتیك دەکات، بەو پێیەی کە سیستمێکی مەعریفی لە هۆزێکی دیاریکراودا لە ناو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکەی ئەو هۆزەدا دروستە، هەروەکو چۆن سیستمی مەعریفی ئەوروپی لە ناو کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دروستە، واتە جیاوازیی مەعریفەکان لە جیاوازیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەقوڵێت و ئەمەیش مەسەلەیەکی ئاساییە.

گۆرڤیچ بۆ هەموو مەعریفەیەك راڤەی جیاجیا دەکاتەوەو باوەری بە یەك راڤەو یەك زەینی مەعریفی نییە، ئەمەش لە راستیدا دژی بیرۆکەی سێنترالیزمی ئەوروپییە، لێرەوە گورڤیچ لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا جەخت لە فرە میتۆدی دەکات.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

# بەشی پێنجەم:
# کۆمەڵگە و چەشنەکانی

## باسی یەکەم: چەشنەکانی کۆمەڵگە

**دەشێت چەشنەکانی کۆمەڵگە بەم شێوەیەی خوارەوە دەسنیشان بکەین، کە ئێمە لێرەدا تەنها لە سەر پێنج چەشنی یەکەمیان دەدوێین، چونکە دەشێت سەرجەمی چەشنەکانی دی بچنە ژێر یەکێك لەو پێنج چەشنەوە:**

1-کۆمەڵگەی نەریتپارێز
2-کۆمەڵگەی وەرچەرخاو
3-کۆمەڵگەی ئەزمونگەر
4-کۆمەڵگەی قەدەری
5-کۆمەڵگەی کراوە
6-کۆمەڵگەی مۆراڵی
7-کۆمەڵگەی سەرەتایی
8-کۆمەڵگەی کشتوکاڵی
9-کۆمەڵگەی راوشکاری
10-کۆمەڵگەی بەکاربردە- ئیستیهلاکی



11-کۆمەڵگەی تەقلیدی
12-کۆمەڵگەی تەکنۆلۆژی
13-کۆمەڵگەی میللی
14-کۆمەڵگەی پیشەسازی
15-کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی
16-کۆمەڵگەی ماکدۆناڵد
17-کۆمەڵگەی مۆڵتی کولتوور - فرە کولتوور
18-کۆمەڵگەی لۆکاڵی - ناوچەیی
19-کۆمەڵگەی پلورالی - فرەیی
20-کۆمەڵگەی خۆشگوزران - رەفاهی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## کۆمەڵگەی نەریتپارێز

کۆمەڵگەی نەریتپارێز ئەو کۆمەڵگەیەیە کە پشت بە دابونەریتی کۆن دەبەستێت، ئەو دابونەریتانەی لە نەوە کۆنەکان و لە باوباپیرانەوە بە میرات بۆ نەوەکانی دواتر جێدەهێڵرێت، بەڵام ئەو نەریتانەش بە پێی گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، سائەو گۆڕانکارییە لە قووڵاییدا بێت یان لە رووکاردا، زۆر بێت یان کەم، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لەقبونێکی تێدەکەوێت، ئەگەرچی هەندێك نەریت هەیە تەمەنی دەگاتە هەزار ساڵ (بۆ نموونە وەکو چی؟) هەندێکی دیکە تەمەنی کەمترە، بەڵام سەرجەمیان بۆ وەچەکانی داهاتوو دەگوزارێنەوە، لە هەموو گواستنەوەیەکیشدا فۆرمی ئەو نەریتە، لە ژێر زەبری گەشەکردنی مەعریفەی کۆمەڵایەتیدا، دەستکاری دەکرێت و وەکو خۆی نامێنێتەوە.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین مەعریفەی ئەو چەشنە کۆمەڵگەیە تا ئەندازەیەکی زۆر رەنگدانەوەی نەریتە چەسپیو و جێگیرەکانە، واتە هوشیاریی کۆمەڵایەتی هەڵگری ئەو مانا و ئەخلاق و بەها جێگیرانەیە کە لە بنەڕەتدا لە دابونەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

بەڵام مومکین نییە کۆمەڵگەی نەریتپارێز بۆ هەمیشە هەر لە شوێنی جێگیری خۆیدا چەق ببەستێت و مومکین نییە تا هەتایە بتوانێت پارێزگاری لەو نەریتە باوانەدا بکات. بۆچی؟ چونکە بە سروشتی حاڵ بیرو



مەعریفەی مرۆڤ دەگۆڕێت و بەرەوپێش دەچێت، ئەم پێشکەوتنەی مەعریفەی مرۆڤیش زادەی ئەو گۆڕنکاری و جوڵانەوە بەردەوامەیە کە ژیانی مرۆڤایەتی دەیڕەخسێنێت، لێرەوە دەکرێت بڵێین هەم مەعریفەی مرۆڤ رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییەو دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانیەوە، هەم ژیانی مرۆڤیش دەرهاویشتەی ئەو مەعریفە کۆمەڵایەتییە کە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایەو ناهێڵێت کۆمەڵگە، ستاتیك و بێجووڵەو وەستاو بێت.

لە دوای شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپی و پەلامارە ئیمپریالیستییەکانی وڵاتانی خۆرئاوا بۆ سەر وڵاتانی خۆرهەڵات و بە تایبەتی بۆ سەر جیهانی عەرەبی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدە بەدواوە، چیتر نەریتە هەرە دێرینەکان توانای کاریگەری و مانەوەیان نەما، چیتر تاکەکانی نێو کۆمەڵگە نەدەکەوتنە ژێر کاریگەرییەکانی و چیتر پەیڕەوی بەشێکی زۆر لەو نەریتانە نەدەکرا، واتە کولتورو مەعریەفەیەکی تر هاتە ئاراوە کە ناکۆك و دژ بوو لەگەڵ ئەو مەعریفەیەی لە نەریتە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەم شێوەیە مەعریفەیەکی نەریتئامێز دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵ مەعریفەی نوێدا کە شۆڕشی پیشەسازی و مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

هۆیەکانی پەیوەندی و گواستنەوە (بۆ نموونە ئوتومبیل و شەمەندەفەر لە بری ئەسپ و ولاخ و عەرەبانە) لەتەك شمەکی ئابووری و بازرگانی (بۆ نموونە کەرەستە نوێیەکانی خواردەمەنی و جلوبەرگ و بیناسازی) شانبەشانی ئامێرە کشتوکاڵییە پێشکەوتووەکان (بۆ نموونە تراکتۆر لە



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

بری گاجووت) ئەمانە پێکڕا ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری مرۆڤەکانیان بە شێوەیەکی خێرا بەرەو پێشەوە دەبرد، تاکەکانی دووچاری شۆك و سەرسوڕمان کرد لە بەرامبەر دیاردەو کەرەستەو مەعریفە نوێیەکانی مۆدێرنەدا، ئەوەی کە ئەدونیسی شاعیرو بیریاری گەورەی عەرەب لە کتێبی "ستاتیك و دینامیك" (الثابت والمتحول)دا بە شۆکی مۆدێرنیزم (صدمة الحداثة) ناوی دەبات.

## کۆمەڵگەی وەرچەرخاو

وتمان هیچ کۆمەڵگەیەك نییە سەد دەرسەد نەریتپارێز بێت و لە بەردەم مۆدێرنەو گۆڕانکارییە گەورەکاندا ئەویش گۆڕانی بەسەردا نەیەت. کەواتە بڵاوبوونەوەی مەعریفەی نوێ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کاریگەری لە سەر بونیادەکانی ئەو کۆمەڵگەیە جێدەهێڵێت و دەستکاریی نەریتە جێگیرو باوەکان دەکات، بگرە هەندێك لەو نەریتانە دەلەقێنێت و دواجار رەتیان دەکاتەوە. بەم شێوەیە کۆمەڵگە لە چوارچێوە نەریتپارێزییەکەی دەردەچێت و دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە بریتییە لە قۆناغی گۆڕانکاری، لێرەدا بەم چەشنە کۆمەڵگەیە دەوترێت: کۆمەڵگەی وەرچەرخاو، ئەمەیش کۆمەڵگەیەکە لە بەردەم کۆمەڵێك گۆڕنکاریدایە.

دەستەبژێرێك لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە کاریگەر دەبن بە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، ئیدی بە شێوازی جیاجیا هەوڵدەدەن کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆیشیان بگۆڕن، لێرەوە ئەندامانی



ئەم کۆمەڵگەیە جیهانێکی جیاواز لە جیهانی خۆیان دەبینن، واتە لە دەرەوەی کولتوری دەستەجەمعی خۆیان کولتورێکی ترو مەعریفەیەکی تر دەناسن، لێرەدا ململانێ لە نێوان نەریتی کۆن و مەعریفەی تازەدا دروستدەبێت، گروپ و کۆمەڵەو حزب دروست دەبن و ململانێکە گەورەتر دەکەنەوە کە هەندێکجار دەگاتە ئاستی ململانێی خوێناوی و بەرپاکردنی شۆڕش و دروستکردنی کودەتا کە لەوێدا کۆمەڵگە هەوڵدەدات بەرەو کرانەوە هەنگاو بنێت. واتە ئەم چەشنە کۆمەڵگەیە هەمیشە لە ناکۆکی و ململانێدایە لە نێوان کۆمەڵگەی داخراو و کۆمەڵگەی کراوەدا (واتە بیری کۆن و بیری تازەدا)، چونکە گۆڕان و وەرچەرخان لەلای نوخبە جیاوازەکان وەکو خولیایەکی بزوێنەر هەمیشە دەمێنێتەوە. بۆیە لێرەدا بە گشتی دوو ئەگەر دێتە بەردەمی ئەم چەشنە کۆمەڵگەیە: یان دەبێت بە کۆمەڵگەی ئەزمونگەر یان دەبێت بە کۆمەڵگەی قەدەری، یاخود بە رێژەی جیاواز دەبێت بە هەردووکیان.

## کۆمەڵگەی ئەزمونگەر

هەموو کۆمەڵگەیەك لەژێر زەبری گۆڕنکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها مەعریفەی مۆدێرندا گۆڕانی گەورە گەورەی بەسەردا دێت، بە تایبەتی لەم قۆناغە هاوچەرخ و نوێیەی ئەمڕۆماندا، دیسان لە ژێر زەبری شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی تەکنۆلۆژی و جیهانگیریدا (گلۆبالیزم) چیدی ئەم کۆمەڵگەیە ناتوانێت نەریت و



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

بونیادە کۆنەکانی خۆی بپارێزێت، ئیدی هەوڵدەدات بە سوودوەرگرتن لە مەعریفەو فیکرە تازەکان و ئەزمونکردنیان، خۆی بەرەوپێشەوە ببات.

واتە کۆمەڵگەی ئەزمونگەری کۆمەڵگەیەکە دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغی ئەزمونکردنی شێوازە نوێیەکانی ژیان و مەعریفە تازەکان و پێشنیارەکان، بۆیە دەبینین بایەخی هەر فیکرەیەکی کۆمەڵایەتی لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا لە هێزی لۆجیکەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بەندە بە ئاستەکانی ئەزمونکردن و پرۆسیسەکردنی ستایلی نوێ کە دواجار ئەم ئەزموونکارییە لە سەر زەمینی واقیعداو لە نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگدەداتەوە.

بەڵام لێرەدا ئیشکالێك یان گرفتێك هەیە کە پەیوەندیی بە مەسەلەی تیۆرو پراکتیکەوە هەیە، واتە ئاخۆ کۆمەڵگە دەتوانێت لە ئاستی ئەزمونکاریدا سەرکەوتوو بێت ئەگەر خاوەنی پاشخانێکی تیۆریی قووڵ و دەوڵەمەند نەبێت؟ ئایا ئەو ئەزمونکارییە بەبێ پاشخانێکی تیۆری، کۆمەڵگە بەرەو کوێ دەبات؟ دەشێت کارێکی سەخت بێت کۆمەڵگە بگاتە ئاستی ئەزموون ئەگەر خاوەنی پاشخانێکی تیۆری و زانستی نەبێت، چونکە ئەزموون بریتییە لە پراکتیك، پراکتیکیش لە پاش تیۆرەوە دێت، بۆیە بەبێ تیۆرێکی زانستی و تۆکمە زەحمەتە ئەزموون بەبێ کارەسات ئەنجام بدرێت، بۆیە هەندێك لەو کۆمەڵگانە کاتێك لە قۆناغی نەریتپارێزییەوە دەچنە قۆناغی ئەزمونگەری، دوچاری شکست و نوشستی دەبن. بۆ نموونە بڕوانە یەکێتیی سۆڤێتی جاران و وڵاتانی جیهانی سێیەم لە پاش سەربەخۆییان. (ئەمەیان بابەتێکی دوورو درێژە).



بۆچی کۆمەڵگەی ئەزمونگەری بەبێ پاشخانێکی تیۆری دوچاری شکست دەبێت؟ چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە لە دەوڵەمەندییەکی مەعنەوی و هەژارییەکی مادییەوە هەنگاو بەرەو هەژارییەکی مەعنەوی و دەوڵەمەندییەکی مادی دەنێت.

## کۆمەڵگەی قەدەری

کاتێك نوخبەیەکی شۆڕشگێڕ، لەپاش شەڕو ململانێ و هەڵگیرسانی شۆڕش، دێتە سەر حوکم (بڕوانە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی) و سەربەخۆیی وڵات رادەگەیەنن و کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن، دوچاری کۆمەڵێك کێشەو گرفتی چاوەڕوان نەکراو دەبن، گرفتگەلێك کە پێشتر بیری لێنەکراوەتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، لێرەدا ململانێ لە نێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروستدەبێت کە توێژی دەسەڵاتدار دەبن بە کەمینەو بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە دەبن، کەچی زۆرینە هەوڵدەدات ئاراستەکان بەرەو گۆڕانکاریی زیاتر ببەن. لەم حاڵەدا کۆمەڵگە ڕەوتی ئاسایی گەشەکردنی لەلایەن ئەو نوخبە دەسەڵاتدارەوە رادەگیرێت، ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە کەمینەیە دەیانەوێت بە زۆرەملێ خواستی خۆیان بسەپێنن کە هەندێکجار بە ناوی پێشکەوتنەوەو هەندێکجاری دیش بە ناوی ڕەسەنایەتییەوە دەیسەپێنن، لەم ململانێیەشدا دەسەڵاتدار زەبروزەنگ بەکاردەهێنێت بۆ سەپاندنی خواستەکانی خۆی، ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆمەڵگە فێری ملکەچی دەکرێت و بە هەموو



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

شتێك رازی دەكرێت، ئیدی ئەم كۆمەڵگەیە چاوەڕێی قەدەرێك دەكات تا گۆڕانكاری دروست بكات، بەم چەشنە ئەم جۆرە كۆمەڵگەیە دەبێت بە كۆمەڵگەی قەدەری، واتە هەمیشە چاوەڕێی قەدەرێك دەكات لە دەرەوە هێزێك بێت و واقیعەكەی بۆ بگۆڕێت، واتە خۆی توانای خستنەڕووی پێشنیارو هەنگاوی گۆڕانكارییانەی نامێنێت، بۆیە چاوەڕێ دەكات هێزێك لە دەرەوە ئەو گۆڕانكارییە ئەنجام بدات. لێرەدا خەڵكی لە خەمی ئەوەدا نابن كە هەلومەرجی ژیانی خۆیان باش بكەن بەڵكو تەنها لە خەمی ئەوەدا دەبن كە بارودۆخەكەیان خراپتر نەبێت، خۆیان لە كێشە كۆمەڵایەتییەكان دوور دەخەنەوەو بە دوای چارەسەردا ناگەڕێن، ئیدی چاوەڕێی ئەوەن قەدەر ئەو بارودۆخە بگۆڕێت.

## كۆمەڵگەی كراوە

چەمكی "كۆمەڵگەی كراوە" یان "كۆمەڵگەی پێشكەوتوو" یان "كۆمەڵگەی تەندروست" لەلایەن ژمارەیەكی زۆری زانایانی كۆمەڵناسی بەكارهاتووەو باسكراوە، بەڵام یەكێك لە دیارترین كۆمەڵناسانی هاوچەرخ و نوێ (كارل پۆپەر)ە كە لە بارەی ئەم بابەتە كتێبێكی گەورەی داناوە بە ناوی (كۆمەڵگەی كراوەو دوژمنەكانی). ئەم كتێبە لە لایەن (ئیدریس شێخ شەرەفی) كراوە بە كوردی و لە ساڵی 2006دا بە دوو بەرگ لە دەزگای موكریانی لە هەولێر چاپكراوە.



دەشێت گونجاوترین پێناسە بۆ ئەم چەشنە كۆمەڵگایە بریتی بێت لەو فۆرمەی كۆمەڵگە كە هەمیشە كراوەو ئامادەیە بۆ قبوڵكردنی هەر ئەگەرێكی تازە كە لە ئایندەدا روودەدات، زۆرجار ئەم چەشنە كۆمەڵگەیە دەبێت بە كۆمەڵگەیەكی خۆشگوزەران، چونكە بە رادەیەكی زۆر پشت بە سیستمی دیموكراسی دەبەستێت و رژێمی سیاسی توتالیتاری رەتدەكاتەوەو پەیڕەویی عەلمانییەت دەكات. ئەم چەشنە كۆمەڵگەیە، بە بەراورد لەگەڵ فۆرم و مۆدێلەكانی پێشووی كۆمەڵگادا، كۆمەڵگایەكە بڕیاری لە سەر دوا پێكهاتەو دوا فۆرم و دوا بونیادی خۆی نەداوە، بەڵكو ئامادەیە بە گوێرەی پێشكەوتنە زانستی و كۆمەڵایەتییەكان ئەویش شوناس و پێكهاتەی خۆی بگۆڕێت بە مەرجێك ئەو گۆڕانكارییە لە خزمەتی زۆرینەدا بێت و كۆمەڵگە بەرەو خۆشگوزەرانییەكی زیاتر ببات. هەندێك جار بەم جۆرە كۆمەڵگەیە دەوترێت كۆمەڵگەی فرە كولتور Multi Culture.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## باسی دووەم:

## کارل پۆپەر و کۆمەڵگەی کراوە

## فەیلەسوفی کرانەوەو دوژمنی تۆتالیتاریزم

### دەروازەیەك

کارل رایمۆند پۆپەر (1902-1994) پتر وەك فەیلەسوفی زانست و ئیپیستیمۆلۆژیست (زانین ناس) ناوبانگی دەرکردووە. کاریگەریی زانستیانەی پۆپەر، بە تایبەتی لە بواری میتۆدی زانستیدا، فراوانەو جێی متمانەی زانایانی بوارە جیاجیاکانی زانستە. پۆپەر لە نەمسا هاتۆتە دنیاوەو لە زانکۆی ڤیەننا ماتماتیك و فیزیك و سایکۆلۆژیای خوێندووە.

لەگەڵ فراوانبوونی دەسەلاتی فاشیزمدا پۆپەر نەمسا بەجێدەهێلێت و دەچێتە نیوزلاند، لەساڵی 1943دا لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەست دەکات بە نووسینی کتێبە گرنگەکەی بەناوی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی The open socity and its enemies). لەساڵی 1945دا بلاودەکرێتەوە. **هەر لەو کاتانەدا ژنە بیریاری ئەڵمانی هانا ئارێنت سەرقاڵی کتێبە بە نرخەکەی دەبێت بەناونیشانی "بنەماکانی تۆتالیتاریزم" کە لەساڵی 1949دا تەواوی دەکات.**



پۆپەر لەم کتێبەدا بەرگری لە دیموکراسییەت و ئیرادەی تاکەکەس دەکات لە بەرامبەر ئەو ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفانەدا کە دژ بە تاکەکەس و دیموکراسیەتن. پۆپەر لەسەروەختی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەو بابەتانەی وروژاندووە کە فاشیزم و نازیزم و ستالینیزم بە ئەندازەیەکی زۆر بەها لیبرالی و دیموکراسیەکانیان خستبووە مەترسییەوە، وەك خۆیشی دەڵێت ئەم کتێبە بەشداریکردنێکە لە بەگژداچوونەوەی فاشیزم و تۆتالیتاریزمدا.

## کۆمەڵگای داخراو/کۆمەڵگای کراوە

سەبارەت بە رەتکردنەوەی رەوت و ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕو مێژووگەراکان یەکێك لە دوا ئامانجەکانی کتێبی"کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی" روونکردنەوەی بنەما فەلسەفیەکانی تۆتالیتاریزمە لە فاشیزم و نازیزم و ستالینیزم، هەروەها هۆیەکانی هۆگری و مەیلی رەشەخەڵکەکەیە بە لایاندا، کە ئەمە خۆبەخۆ دەبێتە مایەی دروستبوونی دەسەلاتێکی ستەمکارو کۆمەڵگایەکی داخراو. پۆپەر پێیوایە هەموو رژێمە تۆتالیتارەکان لە کۆمەڵێك سیما و تایبەتمەندیدا کۆدەبنەوەو تارادەیەکی زۆر لەیەکدی دەچن، بۆ نموونە دەتوانین لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان تۆتالیتاریزمی ستالین و تۆتالیتاریزمی هیتلەردا بدۆزینەوە، بێئەوەی ئەم دوو تۆتالیتاریزمە هەڵگری یەك سروشت بن.

گرنگترین هۆی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیی دروستبوونی تۆتالیتاریزم بریتییە لە هەڵاتنی خەڵکی رەمەکی لە ترسی ئازادی و بەرپرسیاریی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

نەخوازراو و حەزکردنیان بە ئاسایش. پاش ئەوەی مرۆڤ کۆمەڵگای تەقلیدیی دەسەڵاتگەرو داخراوی تێپەڕاندو دەستی بە نەریتی رەخنەگرانە کرد ، کۆمەڵێك هەلومەرج و پێداویستیی نوێ هاتنە ئاراوە کە بوونە مایەی شڵەژان و گرژیی قووڵ لە مرۆڤدا ، بە جۆرێك کە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ هەستکردن بە ئاسایش لە مرۆڤدا بێدار کردەوە.

لە کۆمەڵگای مۆدێرندا نەریت و زنجیرەی پلەو پایەو ئایین وەکو پشتیوانێك بۆ هەستکردن بە ئاسایش لای ئادەمیزاد هەرەسدێنن. توانای رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەو هەڵبژاردنی رێگا جۆراوجۆرو بێ پێشینەکانی ژیان دێتە ئاراوەو گومان لە بەڵگەنەویستە کۆنەکان دەکرێت.

دواکەوتنخوازی و یۆتۆپیاخوازی، واتە پەنابردنە بەر دابونەریتە کۆنەکان و گەڕان بە دوای یۆتۆپیادا لە ئایندەدا ، هەردووکیان لەیەك شتەوە سەرچاوە دەگرن و هەردووکیان بۆ بنبڕکردنی بیری ئازاد پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی. هەردووکیان دژی گۆڕانن و خوازیاری کۆمەڵگایەکی وەستاو و داخراون. ئەنجامی هەردووکیان بە تۆتالیتاریزم (راست و چەپی) دەشکێتەوە کە رواڵەتی کردەییان فاشیزم و هەروەها کۆمۆنیزمە. ئەوەی کە هانا ئارێنت لە کتێبی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم)دا بە تۆتالیتاریزمی نازی و تۆتالیتاریزمی بەلشەفیزم وەسفی دەکات.



## رەخنە لە: ئەفلاتون، هیگڵ، مارکس

بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە بریتییە لە داکۆکیکردن لە کۆمەڵگای کراوەو سیستمی دیموکراسی، لە رێگەی رەخنەگرتن لەو رێبازە فیکری و فەلسەفییانەی کە پۆپەر بە دوژمنی دیموکراسیەتیان لە قەڵەمدەدات، ئەو دوژمنانەش بریتین لەو مەیلە تۆتالیتارییانەی لەناو فیکری ئەفلاتون و هیگڵ و مارکسدا هەن.

بە رای پۆپەر هەندێك لە داناترین و هۆشمەندترین فەیلەسووفەکان لە روانگەیەکی مرۆڤدۆستانەو بە نیازپاکیەوە، واتە بە مەبەستی چاککردنی کۆمەڵگای مرۆیی، نەخشەکێشی بنەڕەتیی کۆمەڵگای داخراو و دوژمنی کۆمەڵگای کراوەو ئازادی و رەخنەو گۆڕانکاری بوون. بە رای پۆپەر پێشەنگی ئەو فەیلەسووفانە ئەفلاتونە و گرنگترین بیرمەندی یۆتۆپیاش مارکسە.

پۆپەر بە پێچەوانەی رەخنەگرانی رابردووەوە، خۆی لە قەرەی خاڵی لاوازیی هزری ئەم فەیلەسووفانە نادات، بەڵکو رووبەڕووی خاڵی هێزیان دەبێتەوە.

پۆپەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا لە هزری ئەفلاتون و ئەرستۆدا بە دوای ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاریزم و رێبازی مێژووگەراییدا دەگەڕێت. فەلسەفەی یۆتۆپیای ئەفلاتون فەلسەفەیەکە بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگای داخراو و دەوڵەتی تۆتالیتارو رێگرتن لە گۆڕینیان. ئەم دووانە



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە سەرهەڵدانی فەلسەفەی هیگڵدا کە باوکی مێژووگەرایی و تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆیە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا کڵێسا شوێن پێی تۆتالیتاریزمی ئەفلاتونیی و ئەرستۆیی هەڵگرت و دوا جار ئەمە لە پشکنینی بیروباوەڕەکاندا گەیشتە چڵەپۆپە، بە تایبەتیش سەرچاوەی پشکنینی بیروباوەڕەکان تیۆرەی ئەفلاتونی بوو. پاش ئەوە، فەلسەفەی هیگڵ سەرچاوەی هەموو ڕێبازە مێژووگەراکانە لەم سەردەمەدا. باڵی چەپی توندڕەوی مارکسیستەکان و میانڕەوە پارێزگارەکان و فاشیستە راسترەوە توندڕەوەکان، هەموویان فەلسەفەی هیگڵ بە بنەمای فەلسەفەی سیاسیی خۆیان دادەنێن.

مارکس رەوتی مێژووی پێشبینی کردو پێشبینیەکانیشی راست دەرنەچوون. پۆپەر دەڵێت مارکس دەیان خەڵکی هۆشمەندی گومڕا کردو وایلێکردن باوەڕ بهێنن بەوەی کە ڕێگای زانستیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا پێشبینیی مێژووییە.

بە رای پۆپەر پێشبینیکردنی هاتنی کۆمەڵگای بێ چین نەك بە تەنها لەگەڵ ئەو شتانەدا وێکنایەتەوە کە مارکس خستوونیەتەڕوو، بەڵکو بۆ زۆربەی خەڵك جۆرە هەلاتنێکەو ڕێ خۆشدەکات بۆ هەڵاتن لە بەرپرسیاربیەکانی ئێستە (و هەڵگرتنیان) بۆ بەهەشتێك لە ئایندەدا. لە رووی سیاسەتی کردەییشەوە زیانبارترین فاکتەر لە مارکسیزمدا پێشبینیی شۆڕشێکە کە دەشێ‌ت توندوتیژ بێت. بە رای پۆپەر هۆی شکستی ئەو (واتە مارکس)، وەکو پێشبینێك، ڕێبازی



مێژووگەراییەکەیەتی کە پێیوابوو دواجار کۆمەڵگای کۆمۆنیزم و بێچین بەرقەرار دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پۆپەر دەرهەق بە بیروبۆچوونەکانی مارکس دەڵێت: لە ناکۆکیی نێوان ئایدیالیزم و ماتێریالیزمدا زیاتر لەگەڵ مارکسدا یەکدەگرمەوە. ئامانجی من پیشاندانی ئەو خاڵە بوو کە لەگەڵ هەموو ئەو گرنگیەی کە دەشێت هەیبێت، نابێت لێکدانەوەی ماتێریالیستیانەی مارکس بۆ مێژوو زۆر بە جیددی بگرین. هەروەها دەڵێت: بە بڕوای من باوەڕی مارکس لە بنەڕەتدا باوەڕ بووە بە کۆمەڵگای کراوە. بە پێی پرنسیپە ئاکارییەکانی مارکس کۆمەڵێك چەمکی وەکو ئازادی و یەکسانی لە هەموو شتێکی دی گرنگتر بوو.

بە کورتی گرنگترین لافی مارکسیزم ئەوەیە کە مێژوو و کۆمەڵگا ملکەچی کۆمەڵێك یاسای زانستیی حەتمین و دەکرێت لە سەر بناغەی ئەو یاسانە پێشبینیی ئایندەی مێژوو و کۆمەڵگای مرۆیی بکەین.

بێگومان پۆپەر هزری مارکسی بە یۆتۆپیایی لە قەڵەم دەدات، پۆپەر نکوولّی لە زانستیێتیی هزری مارکس ناکات، واتە بە رەچاوکردنی ئەوەی کە ماهیەتێکی یاساییانەی هەیە بە پووچەڵئامێزی نازانێت. هەر بۆیە بە رای ئەو پێویستە بیروڕاکانی مارکس تاقیبکرێنەوە، کە تاقیش کراونەتەوەو پووچەڵ بوونەتەوە و رەتیش کراونەتەوە. بەمجۆرە، بە پێچەوانەی راو پێشبینییەکانی مارکس، لە ولاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا کۆمۆنیزم پەیدا نەبوو، پرۆلیتاریا لە شۆڕشە کۆمۆنیستیەکانی سەدەی بیستەمدا رۆڵی نەبوو، کرێکاران لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

خۆشگوزەرانتر بوون. کۆمەڵگای سەرمایەداریی پێشکەوتوو بەسەر دوو جەمسەری بۆرژواز و پرۆلیتاریادا دابەش نەبووە، بەڵکو چینی ناوەڕاست گەشەی کردووە. بەم پێیە تیۆرە زانستیەکەی مارکس پووچەڵ بۆتەوە. مارکسیزمی زانستی مرد، بەڵام دوو شت تیایدا دەبێت بە زیندوویی بمێننەوە: یەکێکیان هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەو ئەوی تریان عیشقە بۆ ئازادی.

بەشی دووەمی کتێبەکەی پۆپەر تەرخانە بۆ خوێندنەوەی رووە توتالیتاری و نادیموکراسییەکانی فیکری هیگڵ و مارکس. لەم بەشەدا پۆپەر هێرشی گەورە دەکاتە سەر "مێژووگەرایی"ی هیگڵ لەلایەك، و "ماتریالیزمی مێژوویی"ی مارکس لەلایەکی تر.

بە بۆچوونی پۆپەر خاڵی هاوبەش لە نێوان دیدی هیگڵ بۆ مێژووگەرایی و تێگەیشتنی مارکس بۆ مێژوو، لەو بۆچوونە ناراستەدایە کە گوایە مێژوو کۆمەڵێك یاسای تایبەتیی خۆی هەیە و بەڕێوەی دەبات، ئەو یاسایانە دەکەونە دەرەوەی ویستی ئینسان و هەڵسوکەوت و پراکتیکەکانیەوە، واتە کۆمەڵێك یاسا کە دەرەنجامی کارکردنی "لۆژیکی ناوەکی"ی مێژوو خۆیەتی

پۆپەر لە نێوان رێگەچارەی ئەندازەی کۆمەڵایەتیی یۆتۆپیایی و ئەندازەی کۆمەڵایەتیی پلە بە پلەدا، دووەمیان بە شیاو دەزانێت.

ئەنجامگیرییەکانی کتێبی (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی) بریتییە لە رەخنەگرتنی ئەقڵانی کە بناغەی گەشەسەندنی زانستەو هەروەها ئەمە خەسڵەتی سەرەکیی کۆمەڵگای کراوەیە.



## کۆمەڵگای کراوەو دیموکراسی و رەخنە لە دەوڵەت

پۆپەر لە کتێبی (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی)دا بەرگریی لە دیموکراسی، یان بە واتایەکی دی لە سۆسیال- دیموکراسی کردووە. بە گوێرەی فەلسەفەی میتۆدۆلۆژییانەی ئەو باشترین شێواز بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باشتر چارەسەرکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەو مەسەلانەیە کە دوچاری کۆمەڵگا دەبن، (واتە ئەندازەی کۆمەڵایەتیی پلە بە پلە).

لە بڕیارە سیاسیەکاندا، هەروەکو تیۆرە زانستیەکان، هەڵە کاتێك ئاشکرا دەبێت کە رەخنە هەبێت، ئەمەش پێویستی بە بوونی (کۆمەڵگای کراوە) و فرەجۆرە. خۆ ئەگەر رەخنە نەبێت ئەوا کۆمەڵگە نابێت بە کۆمەڵگەیەکی کراوە.

کۆمەڵگای کراوە کۆمەڵگایەکە کە تیایدا سیاسەتەکانی دەوڵەت بە پێی رەخنەلێگرتنی بەردەوام راست دەکرێنەوەو دەگۆڕێن. هەڵبەت گۆڕان لە سیاسەتەکاندا پێویستی بە گۆڕان لە تاقمی دەسەڵاتداردا هەیە. بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆنی رێکخراو و ئەگەری گواستنەوەی ئاشتیئامێزانەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دی، بەبێ خوێنڕشتن، مەرجی هاتنەدیی کۆمەڵگای کراوەیە.

بەم پێیە دیموکراسی وەکو شێوازێك تەنها بەو مانایەی کە زۆرینە حوکمڕانەکان هەڵدەبژێرن، دیموکراسییەکی راستەقینە نییە. دەشێت زۆربەی خەڵك کەسانێك هەڵبژێرن کە دژ بە کۆمەڵگای کراوەو دامودەزگای مەدەنی و ئازاد و رەخنەلێگرتن بن (بۆ نموونە دەسەڵاتی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

هیتلەر لە ئەڵمانیای نازیزمدا)، هەروەکو لەو دیکتاتۆریەتانەدا روویانداوە کە بە ناوی شۆڕشەوە حوکمیان کردووە (بۆ نموونە دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لە سۆڤییێتی جاراندا). ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە دیموکراسی تێگەیشتنێکی رواڵەتییە.

دەشێت کۆمەڵگای کراوە نەك هەر لەسەر دەستی دیکتاتۆران و کەمینەی حوکمڕان، بەڵکو لەسەر دەستی زۆرینەش گورزی لی بوەشێنرێت. بەم پێیە دەکرێت بەرامبەر بەو زۆرینانەش بەرگری لە کۆمەڵگای کراوەو دامودەزگا ئازادە دیموکراتەکان بکرێت. ئەوانەی کە فریودەری خەڵکن و ئەو دیکتاتۆرانەش کە بە شێوازی تایبەتیی خۆیان وایان لە زوربەی خەڵك کردووە کە لەگەڵیاندا بن و بەناوی پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکەوە کۆمەڵگای کراوەو دامودەزگا دیموکراتەکانیان لەناو بردووە.

## کۆمەڵگای کراوەو لێکبوردن (التسامح)

مەرجی سەرەکیی کۆمەڵگای کراوە لێکبوردنی سیاسییە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لێبوردن بەرامبەر بەو گروپانەی کە دژی لێکبوردنی دیموکراسین زیان بە بونیادی کۆمەڵگای کراوە دەگەیەنێت. بەم پێیە لە کاتی پێوست و لە کاتی بوونی هەڕەشەی ترسناکدا، پێویستە دوژمنانی لێکبوردن و لایەنگرانی توندوتیژی سەرکوت بکرێن.

پۆپەر متمانەی خۆی بەم وتەیەی ڤۆلتێر دەبەخشێت کە دەڵێت:"لێبوردن دەرەنجامێکی لکاوە بەبوونی مرۆڤایەتییەوە. ئێمە



هەموومان بەرهەمی لاوازیین. هەموومان لەرزیوین و هەڵە دەکەین، لەبەر ئەوە با لەیەکدی ببوورین و لە شێتی یەکدی ببورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشت و بنەمای یەکەمی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ". چونکە وەك پۆپەر دەڵێت ئێمە هەموومان بوونەوەرێکی مرۆیین و زۆرجاریش دەکەوینە هەڵەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێین کە "رەنگە من هەڵە بم و رەنگە تۆ راست بکەیت"، ئەگەر دوولایەنیش پێکەوە ئەمەمان گوت ئەوا رەنگە ئەمە بەس بێت بۆ لێبوردنی دوولایەنە و بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی کراوەو تەندروست.

ئامانج لە کۆمەڵگای کراوە ئەوەیە کە بتوانرێت بەبێ خوێنڕشتن دەوڵەت لەسەر کار لابرێت یان بگۆردرێت. لەم حاڵەتەشدا ئێمە —وەك پۆپەر دەڵێت- پێویستیمان بە ئازادی هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵین دەوڵەت خراپ دەسەڵاتەکەی بەکاربهێنێت، هەروەها پێویستیمان بە دەوڵەت هەیە بۆ ئەوەی جڵەوی خراپ بەکارهێنانی ئازادییەکان بکات.

## تۆتالیتاریزم، دوژمنی کۆمەڵگای کراوە

تۆتالیتاریزم چییە؟ زەحمەتە بتوانین پێناسێکی سادەو چوارچێوەدار بۆ ئەم چەمکە دابڕێژین، چونکە ئەمە چەمکێکی فرەلایەن و فرەئاست و ئاڵۆزە، بەڵام ئەگەر بشێت هەندێك لایەنی لە چەند رستەیەکی چڕوپڕدا روون بکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین تۆتالیتاریزم وەك چەمك بریتییە لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە دەوڵەت تیایدا دەست دەخاتە ناو گشت



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە، بەدەستخستنە ناو تەفاسیلە ورد و تایبەتییەکانی ژیانی رۆژانەی هاوولاتیانیشەوە.

سەرچاوەی زاراوەی تۆتالیتێر Totaliter دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئیتالی و کولتوری سیاسی لە ئیتالیا. ئەم زاراوەیە لە رووی سیاسییەوە لە لایەن ئەنتی فاشیستەکانەوە (دژە فاشیستەکان) لە دژی مۆسۆلینی و بزووتنەوەکەی بەکارهێنرا. "جیۆڤانی ئامێندۆلا" کەسێکی لیبرال و ئەنتی فاشیست بوو، لە میانی خەباتی سیاسییدا لە پەرلەمانی ئیتالیا و لە دەرەوەی پەرلەمانیشدا دژی دەسەلاتی سەرجەمگیر و گشتگیرو سەرتاپاگیر (واتە تۆتالیتاری) دەوەستا، دواتر بوو بە پێشڕەوی ئەو بەرە پەرلەمانتارییەی کە دژایەتیی فاشیستەکانی دەکرد.

پاش ساڵێك لە گرتنە دەستی دەسەلات لەلایەن فاشیستەکانەوە بە سەرۆکایەتیی مۆسۆلینی، جیۆڤانی ئامێندۆلا سیستەمی سیاسیی فاشیستەکانی بە "تۆتالیتێر" ناوبردو وتی ئەمانە خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی تۆتالیتارین کە دەیانەوێت هاوولاتی بەتەواوی گوێڕایەڵی دەسەلاتەکانی ئەوان بێت و رێگە نەدات ئینسانەکان رای خۆیان هەبێت و داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

رایمۆند ئارۆن کە یەکێکە لە پایەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکانی فەرەنسا، پێنج رەگەزی سەرەکیی تۆتالیتاریزم دیاریدەکات کە ئەمانەی خوارەوەن:

1- تاکە حزبێك مۆنۆپۆلی چالاکیی سیاسی دەکات.



2- ئەو حزبە لە سەر ئایدیۆلۆژیایەك دروستدەبێت، ئەو ئایدلۆژیایە دەبێت بە حەقیقەتی رەسمیی دەوڵەت.

3- ئەو حزب و ئایدیۆلۆژیایە بە تەنیا مۆنۆپۆلی زەبروزەنگ و قەناعەتپێکردن دەکەن.

4- دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر بەشێکی زۆری چالاکییە ئابووری و پیشەییەکان، ئەو چالاکییانەش ملکەچی حەقیقەتی رەسمیی دەوڵەت دەبن.

5- هەر هەڵەیەکی ئابووری یان پیشەیی، دەبێت بە هەڵەیەکی ئایدیۆلۆژی کە خاوەنەکەی لەسەر سزا دەدرێت.

رژێمی تۆتالیتاری تەنها بەوە ناوەستی کە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بەدەسەلاتی سیاسی بپارێزێت، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای خۆی بە سەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێت و بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ کشانەوە. واتە رژێمی تۆتالیتاری لە بابەتی رژێمە دیکتاتۆرە تەقلیدییەکان نییە کە ئاسایشی هاولاتییان دەستەبەر بکات بەرامبەر بێدەنگبوونیان و کشانەوەیان لە کاری سیاسی، لە سایەی ئەو رژێمەدا دەبێت هەموان سیاسەت بکەن و هەموان بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیای دەسەلات بکەن بەو جۆرەی کە بۆیان دیاری دەکرێت نەك بەو جۆرەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن.

کاتێك رژێمی تۆتالیتاری دێتە سەر حوکم، هەمیشە پەیمانی سەقامگیرکردنی دۆخی ولات دەدات بە جەماوەرەکەی، بەلام هەرگیز ئەو پەیمانەی خۆی جێبەجی ناکات و ولات لە دۆخێکی ناجێگیر و نائاسایی بەردەوامدا دەهێڵێتەوە، واتە هەرگیز رێگە نادات هەستکردن بە ئارامی و



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

کۆتاییهاتنی باری نائاسایی لە ناخی خەڵکیدا بچەسپێت. لەو پێناوەدا رژێم پێویستیی بە شەڕی بەردەوام و سازدانی سیناریۆی بەردەوام هەیە سەبارەت بەوەی کە دەسەڵات و شۆڕش لە بەردەم مەترسیدان.

## بەکورتی:

کارل پۆپەر لە هەردوو بەشی کتێبی "کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی"دا بە دوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە رێگرن لە بەردەم دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و کراوەو تەندروستدا، پۆپەر وایدەبینێت یەکێك لە رێگرییە هەرە ترسناکەکانی بەردەم ئەو چەشنە کۆمەڵگایە، بریتییە لە تۆتالیتاریزم، کە لە سەدەی بیستەمدا لە فۆرمی نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتالی و ستالینیزمی سۆڤییەتیدا بەرجەستە ببوو.

کاتێکیش بە دوای ریشەی مێژوویی ئەم رەوتەدا دەچێت، رەگی فیکری سەرجەمگیری و مێژووگەرایی لە لای سێ بیرمەندو فەیلەسوفی گەورەدا دەبینێت، ئەوانیش: ئەفلاتون و هیگڵ و مارکسن، کە رەخنە ئاراستەی هەرسێکیان دەکات بەو پێیەی ئەمانە بنەما فیکرییەکانی تۆتالیتاریزمیان دارشتووە، بۆ نموونە ئەفلاتون فەیلەسوفەکان هەڵدەبژێرێت و دەیانکات بەو توێژە هەڵبژێردراوەی کە دەتوانن لە پاشاکان باشتر ولات بەرێوەبەرن، چونکە فەیلەسوف دەزانێت چی باشەو چی خراپە، کەچی رەشەخەڵکەکە بێئاگان و هەمیشە پێویستییان بە فەیلەسوفی سەرکردە هەیە. بەلام هیگڵ لە دیدی میللەتی هەڵبژێردراوەوە



پێیوایە رەگەزی میللەتی ئەڵمانیا دەتوانێت مێژوو بگۆڕێت، بەلام مارکس چینی پرۆلیتاریا هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە رابەری شۆڕش و گۆڕانکاری و حوکمڕانی، کە ئەمانە هەریەکەیان بە جۆرێك سیستمی تۆتالیتاری جێگیر دەکەن و کۆمەڵگا بە داخراوی دەهێڵنەوە.

کۆمەڵگای کراوە دژی دەسەلاتی سەرجەمگیرو گشتگیرە، هەوڵ بۆ دەسەلاتی فرەیی و دیموکراسی و عەلمانی دەدات و دەیەوێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەسەلات بگۆڕدرێت، فرەیی و کرانەوە لە هەموو ئاستەکاندا بەرقەرار بێت، واتە هەم لە پەرلەماندا فرەحزبی هەبێت و ولات بەرێوە ببات، هەم لە ژیانی کۆمەڵگاداو لە بڕیاردانی سیاسیدا فرەیی (پلورالیزم) برەوی هەبێت. بەم پێیە کۆمەڵگا پلە بە پلە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێت و دەبێت بە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران (رەفاهی).



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## بەشی شەشەم:

## سۆسیۆلۆژیای ئەدەب
## Sociology of literature

سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەئەدەب دەڕوانێت. لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی.

لەڕاستیدا ناوەرۆکی ئەم بابەتە زۆر کۆنە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوویەکی دوور، دەبینین ئەفلاتون یەکەمین رەخنەگرە بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی دەدات، ئەفلاتون شاعیرانی لە کۆمارە یۆتۆپییەکەی وەدەرناوە چونکە ئەخلاق تێکدەدەن، بەڵام ئەوانەی شیعر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران دەهۆننەوە، شایستەی هەموو رێزێکن. ئەمە لەراستیدا تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتییانەیە بۆ ئەدەب.

ئەم زانستە یەکەمجار لە ئەوروپا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە، رەنگە بتوانین سەردەمی مارکس و بیروباوەڕی مارکسیزم لەبارەی ئەدەب، بەسەرەتای ئەم تێڕوانینە بۆ ئەدەب، لەچەرخی نوێدا، دابنێین. مارکسیزم بەوەندە نەوەستا کە بڵێت ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە، یان بەوەی ئەدەب کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەرە، مارکسیزم سیفەتی ئایدیۆلۆژیای بە ئەدەب بەخشی، بەو پێیەی ئایدیۆلۆژیا ئامرازێکە بۆ رێنوێنی یان بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر، لەبەر ئەوە ئەدەب وەك سەرخانی



کۆمەڵگە، دواجار بەشێکە لە بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. لەتێڕوانینی مارکسیزمدا دەبێ ئەدەب گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، ئەگەر شۆڕش هەڵگیرسا و بونیادە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەی هەڵتەکاند، ئەوسا ئەو ئەدەبە دەبێت بە ئەدەبێکی نوێ و گوزارشت لە خەون و خواستەکانی کۆمەڵگەی نوێ دەکات.

داڕشتن و ناولێنانی ئەم زاراوەیە، وەك رۆبێر ئیسکارپیت لە کتێبی (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب-1958)دا دەڵێ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی بۆ ساڵی 1950. ئەم زانستە، وەك لە ناولێنانی زاراوەکەدا دەردەکەوێت، هەم زانای کۆمەڵناسی و هەم تیۆریستی ئەدەبی دەتوانن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، بەو مەرجەی هەردوو لایان پشت بەهەردوو زانستەکە پێکەوە (واتە سۆسیۆلۆژیا و ئەدەب) ببەستن، چونکە زانای کۆمەڵناسی بەتەنها و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەدەب ناتوانێت لەم بوارەدا توێژینەوە ئەنجام بدات، لێکۆڵیاری ئەدەبیش بەبێ گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە و سۆسیۆلۆژیا ناتوانێت بەتەنها لەم زانستەدا توێژینەوە بکات، بۆیە لێرەدا پێویستە توێژەر و رەخنەگر و تیۆریستی ئەدەبی سوود لە زانای کۆمەڵناسی و لە میتۆد و تیۆرییەکانی سۆسیۆلۆژیا وەربگرن تا بەشێوەیەکی روونتر و قووڵتر کانگە سەرەکییەکەی ئەدەب بدۆزنەوە کە بریتییە لە کۆمەڵگا.

کەواتە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، بەحوکمی بابەتەکەی و پێکهاتەی میتۆدەکەی، بابەتێکە پێویستیی بە توێژینەوەی بەکۆمەڵ هەیە، بگرە لە هەندێ ژینگەی زانستیی پێشکەوتوودا و لە هەندێ لە زانکۆکانی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

ئەوروپادا بووە بە بوارێکی جەماعی بۆ چەندین توێژەر لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەو بوارانەش بەتەنها سەر بە سۆسیۆلۆژیا و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نین، بەڵکو چەندین زانستی دیکە لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستن پێوەی، وەك: زانستی زمان، زانستی دەروون، زانستی ئابووری، زانستی مێژوو، فەلسەفە و ئیستاتیکا. سەرجەمی ئەم زانستانە، لەڕووی بابەتەوە، لەچەندین لایەنی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەکۆڵنەوە، کە سەرەکیترینیان بریتییە لە "پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە" و هەریەکە لەم زانستانە لە گۆشە و دیدی تایبەتی و تاڕادەیەك جیاوازەوە تەماشای ئەو پەیوەندییە دەکەن.

رۆبێر ئیسکارپیت-ی تیۆریستی بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە کتێبی "ئەدەب و کۆمەڵگە"دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەهەردوو زانکۆی برۆکسێل و بوردیۆدا تیمێکی کارکردن لە زانایانی بواری ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ئابووری پێك هێنرا بۆ کارکردن و داڕشتنی لایەنەکانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب.

لێرەدا دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە هەیە، دوو تێڕوانین سەبارەت بە چەمکی ئەدەب و ئەو گۆشەیەی لێیەوە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تیا دەکرێت، لەتەك چەمکی کۆمەڵگە و ماناکانی کۆمەڵگە، ئینجا سروشتی ئەو پەیوەندییەی ئەم دووانە پێکەوە دەبەستێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم دوو تێڕوانینە لە دوو تیۆرییەدا کۆ دەبێتەوە، تیۆرییەی یەکەم پێی دەوترێت تیۆری ڕەنگدانەوە یان پێچەوانەکردنەوە (نڤریە الانعکاس) کە پێی وایە ئەدەب بریتییە لە



ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە، واتە ئەدەب کاریگەریی کۆمەڵگەی لەسەر دەبێت و خۆیشی کار لە کۆمەڵگە دەکات. تیۆری دووەمیش وایدەبینێت ئەدەب قەوارەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو نییە لە کۆمەڵگە، بەڵکو کۆمەڵگە لەنێو ئەدەبدا نیشتەجێیە، کۆمەڵگە لەنێو فۆرم و ناوەڕۆکی تێکستی ئەدەبیدا جێگیر بووە.

جاك لینهارت توێژەرێکی فەرەنسییە و پسپۆرە لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، هەروەها مامۆستای ئەم بابەتەیە لە بەشی خوێندنی باڵای زانکۆی پاریس، لەتەك ڕۆبێر ئیسکارپیت کە ئەمیش پسپۆرە لەبواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، ئەم دوو توێژەرە بایەخێکی بەرچاو بەم زانستە دەدەن و پێیان وایە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، وەك بەشێك لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، دابڕاو نین لە کۆمەڵگە و توێژینەوە سۆسیۆلۆژییەکانی بواری کۆمەڵایەتی. تەنانەت سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی جۆرج گۆرڤیچ کە بە یەکێك لە گەورە زانایانی سۆسیۆلۆژیا دەژمێردرێت، بەشێکی توێژینەوەکانی خۆی بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەدەب تەرخان کردووە و پێی وایە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی گرنگییەکی گەورەیان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەتایبەتی ڕۆمان دەتوانێت یارمەتییەکی زۆری سۆسیۆلۆژیست و توێژەری کۆمەڵایەتی بدات.

لەساڵی 1957دا دوو کتێبی گرنگ چاپ کران کە بوونە هۆی بازدانێکی گەورە لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا، کتێبی یەکەمیان بە ناونیشانی "ئەدەب و وێنەی مرۆڤ" لە نووسینی (ل.لۆڤینتهال) کە ڕەخنەگرێکی ئەڵمانییە و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی سۆسیۆلۆژیی



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

لەبارەی تێکستەکانی سێرڤانتس و شێکسپیر و مۆلییێر ئەنجام داوە. دووەمیان بە ناونیشانی "هەڵکشانی ڕۆمان" لە نووسینی (یان وایت) کە ڕەخنەگرێکی بەریتانییە و لەم کتێبەدا لە ڕۆمانی ئینگلیزیی سەدەی هەژدەیەم دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ڕۆمانەکانی دانیاڵ دیڤۆ و ریچاردسن و فیلدینگ.

دواتر جۆرج لۆکاچ چەند کتێبێکی لەو بوارەدا چاپ کرد، لەوانە: (ڕۆح و فۆرم)، (تیۆری ڕۆمان)، (ڕۆمانی مێژوویی)، (ڕۆمان وەك داستانی بورژوازی)، لۆکاچ تێزەکانی ئەم کتێبانەی لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی کانت و هیگڵ و مارکسدا نووسیوە و لەوێدا بونیادی ئەدەب و تێکستی ئەدەبیی بە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان گرێ داوە. پاشان لوسیان گۆڵدمان کتێبێك چاپ دەکات بە ناونیشانی "داکۆکی لە سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان"، لەوێدا هەوڵی داوە میتۆدی بونیادگەریی پێکهێنەرانە بەسەر ڕۆمانەکانی ئەندرێ مالرۆدا پراکتیزە بکات و گرفتەکانی سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان بخاتەڕوو. رینیە ویلیك لە کتێبی (تیۆری ئەدەب)دا دەڵێت: ئەدەب دامەزراوێکی کۆمەڵایەتییە، ئامرازی ئەو دامەزراوە بریتییە لە زمان، زمانیش کۆمەڵگە دەیخوڵقێنێت.

ژنە نووسەری فەرەنسی مەدام دی ستایل (1766-1817) لەساڵی 1800دا کتێبێك چاپ دەکات بەناونیشانی (ئەدەب لە پەیوەستیدا بە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان)، دەشێت ئەمە یەکەم هەوڵدان بێت لە فەرەنسەدا بۆ کۆکردنەوەی هەردوو چەمکی ئەدەب و کۆمەڵگە لە لێکۆڵینەوەیەکدا.



مەدام دی ستایل لەوێدا هەڵوێستی خۆی بەم شێوەیە ڕادەگەیەنێت: "زۆر پێویستە تەماشای ئەوە بکەین کە ئایین و نەریت و یاساکان تا چەند کار لە ئەدەب دەکەن و ئەدەبیش لەلای خۆیەوە تا چ ئەندازەیەك کار لە ئایین و نەریت و یاساکان دەکات". ئەم تێزەی مەدام دی ستایل سەرەتایەك بوو بۆ کۆمەڵناسیی ئەدەب، چونکە ئەم خانمە توێژەرە لە توێژینەوە ئەدەبییەکانیدا سوودی لە چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیای سەردەمەکەی خۆی وەرگرتووە، پێی وایە هەموو کارێکی ئەدەبی پابەندە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی مێژوویی سەردەمەکەی خۆی.

ئەگەرچی مەدام دی ستایل بابەتێکی نوێی پێشکەش بەم زانستە کردووە، بەلام نەیتوانی بەڕوونی و دیاریکراوی ئەرك و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەو پەیوەندییەی هەردوولایان پێکەوە کۆدەکاتەوە، دیاری بکات.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بیرمەندی ڕووسی پلیخانۆڤ (1856-1918) تێڕوانینێکی ڕوونتر بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتییانەی ئەدەب دەخاتە ڕوو، پلیخانۆڤ وایدەبینێت پێویستە بەجۆرێك تەماشای ئەدەب بکرێت وەك ئەوەی لە پەیوەندییەکی هەمیشەیی و پتەودایە لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها دەبێ ئەدەب پەیوەست بێت بەو ڕەگەزە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی کاری لێدەکەن، ئەم دیدەی پلیخانۆڤ لەڕاستیدا پرەنسیپێکی گشتییە لە دیدی مارکسیزم بۆ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لەم چەشنە دیدەدا ئەدەب و تێکستی ئەدەبی گەواهییەکی گەورەی ژیانی کۆمەڵایەتین.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

کەواتە ژمارەیەك لە رەخنەگران و توێژەرانی ئەدەب لەلایەك و زانایانی بواری کۆمەڵناسی لەلایەکی تر، وەك لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا خستمانە ڕوو، لەپەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دواون، بەلاّم دید و تێڕوانینی ئەو توێژەرانە، تا ئەندازەیەك، دیدێکی پێکەوەبەستراو و تۆکمە نەبوون، بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی زانستی کە بتوانێت مەرجە میتۆدییەکانی دابڕێژێت، ئەمەش لەلای خۆیەوە بووە مایەی ئەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بەتەواوی شێوە نەگرێت و لەنێوەندی رەخنەی ئەدەبی و توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیدا پەرەنەستێنێ لەڕووبەرێکی کەمدا نەبێت، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، کە دەشێت یەکێك لە هۆکارەکانی بریتی بێت لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕەوتە ئەدەبییەکانی بونیادگەری و پاش بونیادگەری.

لێرەدا چەند گۆشەنیگایەکی رەخنەئامێز هەیە بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و بۆ رەخنەی سۆسیۆلۆژیا، دەشێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

1- گەڕان بەدوای ژینگەی کۆمەلاّیەتیی نووسەر و ناوەرۆکی کۆمەلاّیەتییانەی کاری ئەدەبی، بووە مایەی فەرامۆشکردنی خودی کارە ئەدەبییەکە و پتر تەرکیز دەکرایە سەر کۆمەڵگە وەك لە ئەدەب.

2- رەخنەی سۆسیۆلۆژی جەخت لەوەدەکات کە ئەدەب گوزارشتکردنە لە کێشەکانی ئەو چینەی نووسەر ئینتیمای بۆ دەکات، سا ئەگەر نووسەرەکە سەر بە چینی بورژوازی بچووك بێت، ئەوە لە کارەکانیدا کێشەکانی ئەو چینە دەردەکەون، ئەمەش تێڕوانینێکە بۆ داهێنان ڕێگەی



ئەوەمان بۆ ناکاتەوە کە دەشێت نوسەر لە چینەکەی خۆی یاخی بێت و مەرج نییە هەمیشە تەعبیر لەو چینەی خۆی بکات.

3- جەختکردن لە رۆڵی فاکتەرە کۆمەلاّیەتییەکان لە بەرهەمهێنانی ئەدەب و هونەردا، لایەنی تاکەکەسیی ئەدیب فەرامۆش دەکات. رەخنەی سۆسیۆلۆژی ناتوانێت وەلاّمی ئەم پرسیارە بداتەوە: بۆچی دوو نووسەر کە لە بارودۆخێکی کۆمەلاّیەتیی هاوبەشدا دەژین و یەك خواست و هیوایان هەیە، کەچی یەکێکیان دەبێت بە نووسەرێکی بلیمەت و ئەویدیکەیان ناگاتە ئەو پلەیە لە داهێنان؟

4- شیکردنەوەی کۆمەلاّیەتی، بەها و قورسایی بۆ بەهرەی تاکەکەس دانانێت، هەروەها لایەنە سایکۆلۆژی و مەسەلە ئیستاتیکییەکان فەرامۆش دەکات. خودی (تیۆری پێچەوانەکردنەوە) وێناکردنێکی میکانیکیمان بۆ پرۆسەی نووسین پێشکەش دەکات.

5- دەرەنجامەکانی رەخنەی سۆسیۆلۆژی، لەوانە چاوخشاندنەوە بە کەلەپووردا، هیچ سوودێکیان بۆ تیۆری ئەدەب نییە، بەڵکو تەنها سوودیان بۆ زانستی دیکەی وەك سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئەخلاق و لەوانەیە بۆ فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالێکتیکی هەبێت.

بەلاّم لەم چەند ساڵەی دواییدا جارێکی تر بایەخی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە گەڕێنراوەتەوە و ئێستا لەبەشێك لە زانکۆکانی ئەورووپادا بایەخێکی جیدی بە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەدرێت، تەنانەت رەخنەگرێکی وەك تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ (1933- لەژیاندا ماوە) کە پێشتر



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

سەر بە ڕەوتی بونیادگەری بووە و رەواجی بە تیزەکانی پاش بونیادگـەریش داوە، ئەمڕۆ هەوڵ دەدات پەیامی کۆمەلآیەتییانەی ئەدەب بهێنێتەوە نێـو لێکۆڵینـەوە رەخنەییـەکان، لـەدوا کتێبیشـیدا بـە ناونیشـانی (ئـەدەب لەمەترسیدایە) داوا دەکات رەخنەگران بگەڕێنەوە بۆ بایەخدان بە ناوەرۆك و بابەتی تێکستی ئەدەبی، بۆ ئەوەی ئەو بەها فیکـری و ئیسـتاتیکیانەی تیـادا کەشـف بکـەن کـە تێکسـت پێکـدەهێنن، بـەو پێیـەی ئـەدەب ئامادەبوونێکی ئاکتیڤ و کاریگەرانەی لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە.

دەشێت ئەم تێزە نوێیەی تۆدۆرۆڤ هـەوڵێك بێـت بـۆ بایەخپێـدانێکی قووڵتر بە ناوەرۆکی فیکری و کۆمەلآیەتیی تێکستی ئەدەبی و بە رەخنـەی رۆشنبیری و بـە پـەیامی مێـژوویی ئـەدەب و بـە گەڕاندنـەوەی گرنگیـی میتۆدەکانی سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا لە پراکتیزەی رەخنـەی ئەدەبیـدا، چـونکە وەك تـۆدۆرۆڤ دەڵـێ ئـەدەب توانایـەکمان پێدەبەخشـێت بـۆ بەردەوامبوون لە پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان، ئامانجی ئەدەبیش بریتـی نییە لە گەیشتن بە ڕاستییەکی زانستی، بەڵکو ئامـانجی ئـەدەب بریتییـە لە ئامێزگرتنەوە بۆ خۆشەویستی کە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی پەیوەنـدیی مرۆڤایەتی.

دواجـار، سۆسـیۆلۆژیای ئـەدەب، چـەندین لقـە زانسـتی دیکـەی لێدەبێتـەوە، وەك: سۆسـیۆلۆژیای ژانـرە ئەدەبییـەکان، سۆسـیۆلۆژیای خوێندنەوە، سۆسیۆلۆژیای رۆمان، سۆسیۆلۆژیای تێکست، سۆسـیۆلۆژیای رەخنە.



خوێنەر دەتوانێت، بـۆ شـارەزایی زیـاتر لـەبارەی نـاوەرۆك و بایـەخی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، بگەڕێتەوە بۆ ئەم کتێبانەی خوارەوە کـە ئێمـە وەك سەرچاوە لەم باسەدا بەکارمان هێناوە: 1- علـم اجتمـاع الادب- د.سـيد البحراوي 2- سوسيولوجيا الادب- روبير اسكاربيت 3-المنهجيـە فی علـم الاجتماع الادبی- لوسيان غولدمان 4- السوسيولوجيا و الادب- د.قصی الحسين 5- التحليـل الاجتمـاعی لـلادب-السـيد ياسـين 6- مـدخل الی سوسـيولوجيا الادب العربـی- محـی الـدين ابـو شـقرا 7- معجـم المصطلحات اللغوية والادبية الحديثة-د.سمير حجازي.

## سەرچاوەکانی ئەم کتێبە:



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

**بەعەرەبی:**


- د.فريدريك معتوق، تطور علم اجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات أساسية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، 1982.
- فاطمة بدوي، علم اجتماع المعرفة بين الفكر الخلدوني والفكر الغربي، منشورات جروس برس، د.ت
- د.معن خليل عمر، علم اجتماع المعرفة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، طبع بمطبعة جامعة الموصل، 1991.
- بيتر بيرغر و توماس لوكمان، البنية الاجتماعية للواقع - دراسة في علم اجتماع المعرفة، ترجمة: د.ابوبكر احمد باقادر، الاهلية للنشر والتوزيع، الاردن- عمان، 2000.
- جورج غورفيتش، الاطر الاجتماعية للمعرفة، ترجمة: د.خليل احمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ط 3، 2008.
- د.كمال التابعي و د.ليلي البهنساوي، مقدمة في علم اجتماع المعرفة، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، القاهرة، 2007.
- شفيق ابراهيم صالح، علم اجتماع المعرفة عند ابن خلدون، اطروحة دكتوراه مقدمة الي كلية الاداب-جامعة بغداد، سنة 2000.
- جان كزنوف، دعائم علم الاجتماع، ترجمة: د.عادل العوا، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، سورية، دمشق، 1989.





- أنتوني غيدنز، علم الاجتماع، ترجمة و تقديم: الدكتور فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لبنان، 2005.
- د.محمد الطالبي، منهجية ابن خلدون التاريخية، دار الحداثة للطباعة والنشر ، بيروت، 1981.
- د.احسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدمة، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن- عمان، 2005.
- دانيال هيرفيه ليجيه و جان بول ويلام، سوسيولوجيا الدين، ترجمة: درويش الحلوجي، المجلس الاعلي للثقافة، القاهرة- 2005.
- د.عادل مصطفي، كارل بوبر مائة عام من التنوير و نضرة العقل، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، 2002.
- فؤاد محمود ناصيف خيربك، من الابستمولوجيا الي المجتمع- التاريخانية و المجتمع المفتوح عند بوبر، منشورات وزارة الثقافة في الجمهورية العربية السورية، دمشق، 2002.
- ميشيل هارالامبوس، اتجاهات جديدة في علم الاجتماع، الفصل السادس: علم اجتماع المعرفة، ترجمة: مجموعة من المترجمين، بيت الحكمة- بغداد، 2001.
- د.قصي الحسين، السوسيولوجيا و الادب، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 1993.
- د.علي عبدالرازق جلبي، قضايا علم الاجتماع المعاصر، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، 1984.




www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

## بەکوردی:


- کارل پۆپەر، کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر 2006.
- د.حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، هەولێر، 2009.
- مەریوان وریا قانیع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و رۆشنگەری، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی 2002.
- مەریوان وریا قانیع، کارل پۆپەرو کۆمەڵگای کراوە، رۆژنامەی ئاوێنە 22/2/2008 .
- حسین بشیریە، کارل پۆپەر، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری (سەردەم) ژمارە (7) ساڵی (2000)، فایلێکی تایبەتی لە بارەی کارل پۆپەرو کۆمەڵگای کراوە.
- کارل پۆپەر، لێبوردن و بەرپرسیارێتیی فیکری، وەرگێڕانی: رێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم ژمارە 7 ساڵی 2000.
- د.شاهۆ سەعید، وانەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بۆ قۆناغی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی 2006-2007.





- کارل پۆپەر، بیرۆکەیەك دەربارەی تیۆر و پراکتیکی حکومەتی خەڵك (دیموکراسی)، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، گۆڤاری سەردەم ژمارە 7 ساڵی 2000.
- هانا ئارێنتت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، وەرگێڕانی: حەمەرەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2007.
- عادل باخەوان، لەفەیسەڵەوە تا تاڵەبانی-عیراقی پۆست سەدام لە تاقیکردنەوەی دیموکراسیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی 2006.
- مەریوان وریا قانیع، دیکتاتۆریەت و توتالیتاریزم، گۆڤاری (سەردەمی رەخنە)، ژمارە (2) ساڵی 2005.
- ئاراس فەتاح، تیۆرییەکانی توتالیتاریزم، گۆڤاری (سەردەمی رەخنە) ژمارە 2 ساڵی 2005.


## بەفارسی:



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

- مایكل مولكی، علم وجامعه شناسی معرفت، ترجمه: حسین كچویان، نشرنی، چاپ دوم، تهران 1384.
- تئودور ادورنو و مارتین.جی.جیمز اشمیت، مكتب فرانكفورت و جامعه شناسی معرفت، ترجمه: جواد گنجی، تهران 1386.
- د. منوچهر اشتیانی، جامعه شناسی شناخت كارل مانهایم، تهران، نشر قطره 1384.



## بەرهەمە چاپكراوەكانی نووسەر

- ئەركەكانی ڕێكخراوی لاوان، نووسینی: لینین، وەرگێڕانی بەناوی خوازراوی (هەڵگورد)لەبڵاوكراوەكانی یەكێتی خوێندكارانی كوردستان، بالیسان، 1984.
- شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و ڕەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2001.
- بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، (كۆمەڵی وتاری وەرگێڕدراو)، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، 2001.
- گفتوگۆ لەكەڵ ئەدۆنیس، منداڵی-شیعر-تاراوگە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەكەم- 2001، چاپی دووەم 2008.
- ئایین و عەلمانییەت و كۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد ئاركۆن، سازدانی: هاشم ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، 2002.
- لە نێوان بلیمەتی و شێتیدا، نووسینی: هاشم ساڵح، كتێبی گیرفان (23) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەكەم 2002، چاپی دووەم لە كتێبخانەی سۆران لە هەولێر 2004.
- مەملەكەتی تیشكەكان، كۆمەڵی چیرۆكی جەلیل قەیسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
- عەلمانییەت و ئایین: ئیسلام-مەسیحییەت-خۆرئاوا، نووسینی: د.محەمەد ئاركۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010

چـاپی یەکـەم 2005. چـاپی دووەم پـرۆژەی شەسـت کتێبـی رێکخراوە دیموکراتییەکان 2009.

- ئیسلام و گلۆبالیزم، د.محەمەد ئارکۆن، کتێبی گیرفان (66)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2005.
- ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی رەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2006.
- ئیسلام و عەلمانییەت، د.محەمەد ئارکۆن، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، هەولێر، 2007.
- داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی و ئایندەی سیاسیی عێراق، د.مونزیر فەزڵ، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆی نەوا، سلێمانی، 2005.
- نصوص كردية حديثة، قصائد وقصص مترجمة، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2008.
- المدينة في قصص جليل القيسي، قراوة سايكو-سوسيولوجية، رسالة ماجستير مقدمة الي كلية اللغات-قسم اللغة العربية في جامعة السليمانية، 2008، (غير مطبوعة).
- شوناسی تەواونەکراو، داهێنان-ئایین-سیاسەت-سێکس، نووسینی: ئەدۆنیس، لە بڵاوکراوەکانی رەخنەی چاودێر، سلێمانی، 2008.
- نوێکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی، نووسینی: ئەدۆنیس، کتێبی گیرفان زنجیرە (105) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2009.



www.dengekan.com
Thursday, August 5, 2010